# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (60) 15/9/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


**دۆسیەی ژمارە: 11 سێبتەمبەر وکاریگەرییەکانی**

**گفتۆگۆ لەگەڵ سامان کەریم، کارزان عەزیز، ڕزگار عومەر، لە لاپەرە 12-13-14-15-16-17 دەخوێننەوە...**

# هێرشی تیرۆریستی ١١ سێبتەمبەر دنیای خستە بەردەم دەورەیەکی نوێ لە جەنگی تیرۆریستان!



کردەوەی خۆکوژی و تیرۆریستی ١١ سێبتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، دنیای خستە ناو بەرامبەرکییەکی نوێی تیرۆریستی. دەوڵەتی ئەمریکا ئەم کردەوە تیرۆریستی و خوێناویەی بەدەستەوە گرت تا کێشەکانی بەردەم وڵاتەکەی و پێگە و رۆڵی سیاسی و ئابوری و سەربازی و هەژمونی خۆی لەنەخشەی نوێ دنیادا، پێناسە بکاتەوە.

چەمکی "جەنگی درێژخایەن لەدژی تیرۆر" " سازدانەوەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورە" ئەو فۆرمولبەندیانە بوون کە بەدوای ١١ سێبتەمبەردا، بەفراوانی لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بەدەستەوە گیران کە نەک تەنها چوارچێوەی بە میدیای رەسمی و غەیرە رەسمیدا، بەڵکو بووە سەرەتای دەورەیەکی... نوێ بۆ چوونە ناو ململانێیەکی سیاسی و ئابوری و سەربازی و دیبلۆماسی و جەنگی تیرۆریستی تازە، کە ببوو بەپێداویستیەکی ناچاری دنیای ئەو کاتە....

بۆ لاپەڕە ٢



## تیرۆر وە تیرۆریزم لە قۆناغی تێپەڕی مێژوویی ئەم سەردەمەی سەرمایەدا، نەریتێکی سیاسی چالاکی بورژوایی جیهانییە...ل12_13



## تیرۆر دیاردەیەکی سەیروسەمەرە و نامۆ نییە بەم سیستەمە و بەرهەمی کێبڕکێ و ململانێی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی وڵاتان بووە...ل14_15



## ئەمریکا و بەریتانیا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێك كە دەتوانیین بە ئاسانی ناوێ لێبینێن سامپڵە یەکەمەکانی دەوڵەتداری بە نامی "داعش" و "قاعیدە"!...ل16_17

**سزاو سەرکوت، ناتوانێ بزوتنەوەی کارگەری و جەماوەری پاشەکشە پێ بکات ل3**




**باشوری ئەفریقا/ لەهەر ٣ سەعاتێکدا ژنێك دەمرێت...ل3**

**چەمانەوەی حزبەکان لەبەردەم یاساکانی کۆیلایەتیدا..ل5**

**هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان.....ل8**

**دنیا دواى ١١ سێپتەمبەر، بەربەریەت حەتمی نییە..ل10_11**



## دادگای گاڵتەجاری ترس لە بزوتنەوەی کرێکاریی...ل4



## جەندەرو زمان، ئافرەت و ئاژەڵ...ل9

پرسی ژن ؟ ل 6



گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

## وتەی ژمارە

مایەپوچ بوون و بە ئامانج نەگەیشتنی "نەزمی نوێی دنیا" بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا کە ئەمریکا بەدەستیەوە گرت، ویستی لەوێگایەوە هەژموونی خۆی دابسەپێنێ و دنیای خاڵی لە قوتبی بەرامبەری خۆی بکات، بووە سەرەتای پاشەوپاش گەڕانەوەی خێرای رۆڵی ئەمریکا لەسەر ئاستی دنیاو بلۆکە نەیارەکانی. لە دۆخێکی ئاوادا، گەڕان بەدوای دەریچەو پاساوێک بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی رۆڵی ئەمریکا لەم هەلومەرجەدا، بووە پێداویستیەکی حاشاهەڵنەگرو ناچاری. کردەوەی تیرۆریستی ١١ سێبتەمبەر لەو کاتەدا بووە ئەو نیعمەتەی کە خوانی ئەمریکا گەرم بکاتەوە. "جەنگی درێژخایەن لە دژی تیرۆر" و " سازدانەوەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورە" بکاتەوە بە سەرەتایەکی دەورەیەکی تر بۆ داسەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر دنیادا.

روداوی ١١ سێبتەمبەر ئەو بوارەی بە ئەمریکادا، کە جارێکی تر ئەسپی خۆی تاو بدات و جەنگی دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ یەکێک لە رەقیبە دڵرەق و ئینساکوژی ئیسلامی سیاسیدا، لە ژێر ناوی بەرگری ئەمنیەتی ئەمریکاو لە شارستانیەتی غەربی، پاراستنی ئارامی و ئاسایشی دنیادا، بباتە پێشەوەو رای گشتی ئەمریکاو دنیای غەربیش بباتە پشتی خۆی.

لەبەرامبەردا رەوت گەلی ئیسلامی سیاسی چ وەکو دەوڵەت و چ وەکو رێکخراوەو باندی ئینسانکوژی ئیسلامی، لە ژێر ناوی بەرگری لە مستەزعەفین، خۆبەستنەوە بە پرسی فەلەستین، وەستانەوە بەرووی ئیمپرالیزم و بەرگری لە ئیسلام... بەدوای بەرەسمی ناسینی دەسەڵات و رۆڵیان لە دنیادا، دەکۆشان ئەمریکا و غەرب ناچار بکەن کە رەوایەتییان وەکو واقعیەتیکی سیاسی لە نەخشەی سیاسی دنیادا قبوڵ بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەست پارێزیان لەهیچ کردەوەیەکی ئینسانکوژی و تیرۆریستی نەپاراست و ١١ سێبتەمەریش گورزێکی هەر ئەو رەوتە بوو بۆسەر رەمز و پێگەی هەرە باڵای تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکاو غەرب، کە لەڕێگای زۆر و دەخالەتگەری سەربازی گۆشەو کەنارەکانی دنیایان لە دانیشتوانەکەی کردۆتە دۆزەخ و لەپشتی درندەترین دەسەڵاتەکانی وەکو ئیسرائیل و پاکستان و وڵاتانی ئەمریکای لاتین وەستاون.

جەنگی نێوان ئەم دوو بلۆکە وڵاتە ئیسلامییەکان ورێکخراوە فاشیستیە ئیسلامیەکان، لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی کە ئەمریکا و غەرب سوکانەکەیان بەدەستەوە گرتووە، لەبنەرەتدا جەنگی دەسەڵات و بەرینکردنەوەی دەسەڵات و بەرەسمی ناسینیەتی. جەنگی ناو باڵەکانی خانەوادەی بۆرژوازییە، دیارە ئەم دوو بەرەیە، ئیلهام وەرگرن لەیەکتری، بەو ئەندازەیەی لە جەنگی دەسەڵاتدان، بەو ئەندازەیەش خەریکی سات و سەوداو مامەڵەن لەسەر دەسەڵات و قەڵەمرەوی سیاسی و بەرەسمی ناسینی ئەو قەڵەمڕەویە... تەنانەت ئەو رەوتە ئیسلامیانە خۆیان دەست پەروەردەکروای ئەمریکاو غەربن بۆ وەستانەوە بەرووی چەپ و بلۆکی شەرق لە جەنگی ساردی رابردوودا و پاشانیش لەسەر بنەمای شکستی ناسیونالیزم عەرەب لەوەڵام بە گرفتە ئابوری و سیاسیەکانی دنیای عەرەبییدا، سەریان هەڵداوە.

ئەمریکاو غەرب نەک کێشەیەکیان لەگەڵ ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی نییە، بەڵکو بەکردەوەو بەفەرمی دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتانی ئیسلامی لەچەشنی سعودیەن، خوازیاری سازان و رێکەوتنن لەگەڵ ئیرانن. ئەمریکاو غەرب دەیانەوێ ئیسلامیەکان و دەوڵەتە ئیسلامیەکان گوێ ڕایەڵیان بن، دەوڵەت ئیسلامیەکان و رێکخراوە ئیسلامیەکانیش دەیانەوێت ئەمریکا و غەرب رۆڵ و حزوریان، بە فەرمی بناسن. روداوی ١١ سێبتەمەر دەهاویشتەی نەسازانی هەردوولایان و قوڵبونەوەی ململانێکانیان بوو.

ئەمریکا، روداوی ١١ سێبتەمبەر قۆستەوە، ژمارەیەک دەوڵەتیشی وەکو میحوەری شەر لیست کرد، بەڵێنی بنەبڕکردنی تیرۆر و ریکخراوە تیرۆریستە ئیسلامیەکان لەپیش هەموویانەوە لەبەین بردنی تاڵیبانی راگەیاند، بانگەوازی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەرێخست. کەچی هەموو ئەو بانگەشانە بەهەوادا چوون، جگە لە کوژرانی ئوسامە بن لادن، باقی رێکخراوەو رەوتە تیرۆریستیەکان مانەوەو هێزیان گرتەوە. دەستبردنی ئەمریکا بۆ جەنگی داسەپاندنی هەژموون بەسەر دنیا و رەقیبەکانیدا، لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفغانستان و عێراقدا ڕوخاند، بەڵام گەرا و کارگەی پێگرتنی دەیان و سەدان رەوتی تیرۆریستی ئیسلامی وەگەرخست، و ئەوانەی لە جێگای ئوسامەو سەرانی تاڵیبان و سەدام حسێن هاتن، زیاتر، دڕندەتر، خوێنرێژ تر و بەئەزموونتر لە تیرۆر وسەرکوت و ئیرهاب بوون. هاوکات لەچوارچێوەی دزینی شۆرش لە وڵاتانی باکوری ئەفریقادا، ئەمریکا و غەرب بە جڵەو شلکردن بۆ دەخالەتی خۆیان و ناتۆ بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەیان هارێ و وێران کرد و شیرازەی شاریان لەچەندین وڵاتدا سڕیەوەو بوونە مەکۆش بۆ رەوتی ئینسان کوژی ئیسلامی. بۆیە نەک ئاشتی و ئارامی بەدوادا نەهات، نەک ئیسلامیەکان و رەوتەکانیان لاواز نەبوون، بەڵکو هەموو دنیا نائەمنتر بوو، ئیسلامیەکان رۆچوونە قوڵایی دڵی ئەوروپا وئەمریکا و بەکردەوەش دەستیان بەسەر پانتایەکی بەرینی جغرافیای سیاسیدا گرت و دەسەڵاتیان داسەپاند یان بوونە بەشی دەسەلات. ریکخراوەی تیرۆریستی داعش، لەسەر زەمینەی هەمان ملهوری ئەمریکا و غەرب و دەستێوردانەکانیان و سازکردنی ژینگە بۆیان پێی گرت، کە تاڵیبان و ئەلقاعیدە لەبەراورد بە داعشدا رەزیل لە کوشتار و دەست نوقاوتر لە تیرۆریزم و کردەوەی تیرۆریستی، و لەسەربرینی ئینساندا دەستکورتر بوون.

دنیای دوای ١١ سێبتەمبەر دنیای نائەمنتر، پڕ کێشەترە، پێگەی ئەمریکاش زۆر لاوازتر لە پێشوویەو رەقیبەکانی چ لە زەمینەی سیاسی و دیبلۆماسی، چ لە زەمینەی سەربازی و ئابوری و دەخالەتگەری لە رووداوە سیاسیەکانی دنیا و جیهانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە هەڵکشاندان. رەوتە ئیسلامیەکانیش بە دەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە تا رێکخراوە تیرۆریستە هەمە رەنگەکان، لە پێگەیەکی بەهێزتر لەساڵی ٢٠٠١دان...

وە لەپاڵ رەوتی هەوسارپچروای ئیسلامیدا، هیزە راسترەوکان لەناو دڵی ئەوروپادا زیادیان کردووە. بەکورتی دنیای ئەمرۆ لەپاڵ قڵشتی قوڵی چینایەتی و نابەرابەری و بیکاری و گرانی و جەنگ و بەرامبەرکێی خۆ پڕچەککرن و بەرینبوونەوەی مەترسیەکان لەسەر ژینگە... جەنگی تیرۆریستی لەنیوان هەردوو بەرەی ناو خانەوادەی بۆرژوازیدا. تیرۆریزمی نیودەولەتی و تیرۆریزمی دەوڵەتی و رەوتە ئیسلامیەکان، هەرەشەن لەسەر ئۆردوی ئینسانی.

ئەم راستییە تاڵەی کە دنیا لەلێواری دارمان و دۆزەخی جەنگی تیرۆریستیدایە، ئەو راستیەی سەلماندەوە کە کۆتاییهێنان بە تیرۆر و تیرۆریزم، بەدەستی ئەمریکاو غەرب نەک هەر نەکردەیە و بەڵکو ئەوان خۆیان سەرچاوەی خولقاندنی ئەم دۆزەخەو لایەنێکی بەرامبەرکێی و جەنگی تیرۆریستین. و ئەوەش کە دەتوانێت دەستی تیرۆرو تیرۆریزم و باقی دەرهاویشتەکانی لەبەین بەرێت، تەنها تەنها، بەبزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری ئازادیخوازی جیهانی دژە شەر و دژە تیرۆریزم و راسیزم دەکرێت.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**جەنگی نێوان ئەم دوو بلۆکە وڵاتە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوە فاشیستیە ئیسلامیەکان، لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی کە ئەمریکا و غەرب سوکانەکەیان بەدەستەوە گرتووە، لەبنەرەتدا جەنگی دەسەڵات و بەرینکردنەوەی دەسەڵات و بەڕەسمی ناسینیەتی. جەنگی ناو باڵەکانی خانەوادەی بۆرژوازییە!**

# داسەپاندنی سزاو سەرکوت، ناتوانێ بزوتنەوەی کارگەری و جەماوەری پاشەکشە پێ بکات!!

لەدرێژەی هێرشی بەردەوامی دەسەلاّتی ڕەشی سەرمایەی ئیران بۆسەر چینی کریکار و رابەرانی کریکاری و داواو خواستە ڕەواکانیان، بەرواى ٨ ی ئەم مانگە، لە سیناریۆیەکی گاڵتەجارانەی ئیسلامیدا" دادگا" کەوتە دادگاییکردنی دۆسیەی نارەزایەتی کرێکارانی هەفت تەپە. ئەم دادگا!! موبارەکەی ئیسلام و سەرمایە، سزای سەدە تاریکەکانی داسەپاندە سەر ژمارەیەک لە رابەران و نوێنەرانی کرێکاریی و رۆژنامەنووسانی تیکۆشەری بەرگریکای لە کرێکاران و مافەکانیان.

سزای ڕەشی، دادگا!! و دەسەلاّتی ڕەشی ئیسلامی بەم جۆرەی خوارەوە بڕیاریدا... ئیسماعیل بەخشی نوێنەری هەلّبژێردراوی کرێکارانی هەفت تەپە بە ١٦ سالّ زیندانی، محەمەد خەنیفەر کارگەری هەفت تەپە بە ٦ سالّ




زیندان، سپێدە قلیان بە ١٨ سالّ و ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بلاّوکراوەی هەنگاو" گام" بەناوەکانی ئەمیر حسین محەمەد فەرد، ساناز ئەلهیاری، عەسەل محەمەدی، ئەمیر ئەمیر قلی هەر یەکەیان سزای ١٨ سالّیان بەسەردا سەپێنرا...

ئەم بریارە سەختە قەرەقوشیەی دەسەلاّتی سەرمایە لە ئیران، بەجیا لە پوچی دادگایەکەو ناوەرۆکی گاڵتەجارانەی، بۆ زالّکردنی کەشی ترس و تۆقاندنە، بۆ ترساندنی رابەرانی کریکاریی و بزوتنەوەی کریکاریی و نارەزایەتی جەماوەرییە کە لە کۆمەڵگەی ئیراندا بەدژی دەسەلاّتی ملهورانەو سەرکوتگەرانەی رژێم لە قولّپداندایە و رۆژ بەرۆژیش بەرەوە فراوانتر بوون و بەرین بوونەوە دەچێت. رژیمی ئیران کە حکومەتی زائیدەی میژووییە، بەزۆری سەرکوت و داپلۆسین تەمەنی زیادەی خۆی درێژە پیدەدات، دەیەوێت لە ریگای ئەو دادگا پوچەو سزادانی رابەرانی کرێکاریی و جەماوەری و رۆژنامەنووسانی ئازادیخواز، کەمێک تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە کۆمەڵگەش چاوترسێن بکات، بەلاّم رەوتی پێشرەوی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری لە ئیران، سەرباری ئاستەنگەکانی بەردەمی، روو لە هەڵکشان و سەراسەری بوونەوەیە... شکنجەو زیندان، نەک ناتوانێ بەر بە تورەیی و نەفرەتی قولّی چینی کارگەر و بێبەشانی ئیران بگرێت بە دژی رژێمی زیندان و سێدارەو سەنگساری سەرمایە، بەڵکو ئاستی نەفرەت و تورەییان بەرەو سەر دەبات و ئامادەی نەبەردی داهاتوویان دەکات.

چ ئەو دادگا!! پوچەو چ ئەم سزا قەرەقوشیە، نەک هیچ شەرعیەتیکی نییە، بەڵکو شەرعیەت دەدات بە جەماوەری کارگەرو هەموو ئینسانێکی ئازدایخواز کە ئامادەیەکانیان بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی ئیسلامی و سەرمایە، بەنەخشەوە ببەنەسەرەوە. وە پیداویستی ڕیکخراوبوونی کرێکاران و بەشەکانیان و لێک هەڵپێکران و سەراسەری کردنەوە ی کردۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو، کە رابەرانی کارگەری و کۆمۆنیست، نەخشی میحوەریان دەکەوێتە ئەستۆ.

هەنگاوی یەکەمی نەبەردی چینی کارگەری ئیران و جەماوەری نارازی لەدەسەلاّتی ئیسلامی سەرمایە لە ئیران، تیکۆشان و هاتنە مەیدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای رابەرانی کارگەری و ئازادکردنی بیقەیدو شەرتی رابەرانی کرێکاریی و زیندانیانی سیاسیە... ناچارکردنی دەسەلاّتی ئیسلامی لە ئیران، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای قەرەقوشی رابەران و کرێکارانی هەفت تەپەو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بلاّوکراوەی هەنگاو، هەنگاوێکی گرنگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزاکانی پێشووی رابەران و هەڵسوراوانی کارگەری و ئازادکردنی بێقەیدو شەرتی زیندانیانی سیاسی.

خەباتی چینی کارگەری ئیران، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای رابەرانی کارگەری و رۆژنامەنووسان و ئازادی بیقەیدو شەرتی زیندانیانی سیاسی، بەهەر ئەندازە یەکگرتوو بێت و فراوان بێت، بە هەمان ئەندازەش دەتوانێ لە پشتیوانی بزوتنەوەی کارگەری و ڕیکخراوە کریکاریی و رادیکاڵە جەماوەرییەکان لە ناوچەکەو دنیا بەهرەمەند بێت...

بەڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای رابەران و کرێکارانی هەفت تەپەو سەرجەم سزادراوانی پێشووی کارگەری و جەماوەری و رۆژنامەنووسان...

بەڵی بۆ ئازادکردنی بیقەیدو شەرتی زیندانیانی سیاسی

**بۆپێشەوە**

**٩ سێبتەمبەری ٢٠١٩**

# باشووری ئەفەریقا: هەلومەرجی ژنان لەژێر باری توندوتیژی ماڵەوە لە ولاّتێکدا لە هەر ٣ سەعاتێکدا ژنێك دەمرێت!

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

بەپێی ڕاپۆرتێکی فرانس ٢٤ لەگەلّ قوربانیانی توندوتیژی ژنانی ناومالّی سازداوە. لە یەکێک لە کۆلاّنەکانی شاری کیپتاون، کۆمەلّیک ژن لە یەکێک کۆمەلّەکان دانیشتوون و قسە لەسەر ئەو کاتە ناخۆشانە دەکەن کە تێیدا ژیاون. ئەوەش لە ولاّتێکدا کە هەر ٣ سەعات ژنێک دەمرێت!.

ژنان هەفتانە یەکتر دەبینن لە هۆلّیک کە سەر بە کۆمەلّەیەکی مەدەنیە بۆئەوەی باسی چیرۆکی لاقەکردن و توندوتیژی ناومالّ بکەن.




نوسیزی غازی کە قوربانیەکی لاقەکردن و توندوتیژی ناوماڵە دەلّێ "بەناچاری لەگەل براکانی دەژیا و یەکێکیان لاقەی کردم و بۆ کەسیشم باس نەکرد لە خێزانەکەمدا، کەسیش بڕوای پێنەکردم".

لەنێوان لاقەکردن و کوشتن ماوەیەکی کەم هەیە، ئەمە ژیانی کچە لاوێک بوو بەناوی توفیسیفو غکوابە. خۆی و هاوڕێکانی لاقە کراون و نەیانتوانیوە ڕزگاریان بێت و کوژراون، ئەو تاقە ڕزگاربووە. نوسیفیو دەلّی تاوەکو ئێستاش لەژێر کاریگەری ئەو ساتانەم و حالّم هەرگیز باش نییە.

سیکاوتی بەڕێوەبەری ئەو کۆمەلّەیە، ڕێکخەری دانیشتنەکانە بۆ پشتیوانی، و باسی ناخۆشیەکانی خۆی دەکات بۆ ژنان. باپیری لە دایکی دەدا. سیکاوتی لەبیریەتی کە" هەولّیدا دایکی ڕاکێشێت لەناو خوێندا، پیلاّو و جلوبەرگەکەی هەموو خوێن بوو، نەمدەتوانی بیناسمەوە، چاوانی زۆر گەورەببون، چونکە هەلّئاوسابوون زۆر، دوایی پۆلیس هات.. دوای ٧ سەعات. داوای کرد وێنەی شوێنەکە بگرم".

ڕێژەی ناوەندنی تاوان دژ بە مافی ژنان لە باشووری ئەفەریقا ٥ بەرابەر زیاترە لە ئەوروپا. هەربۆیە سەرۆک سیریل رامافوزا بڕیاریداوە ڕێوشوێنی تازەی بگرێتەبەر. حکومەت بەدوای ڕێکخستنی جۆرێک بەدواداچوون و لێکۆلّینەوەیە، ژنێکی وەک کسیفۆ غازی داوای چارەسەر دەکات. ئەو یاسایانەی لە ئێستادا دانراون بۆ پاراستنی ژنان، مەرجەکانی پاراستنی ژنان لە توندوتیژی دابین ناکات.

یەکێک لەبەشداربوانی ئەو لیکۆلّینەوە دەلّێ" هەمووومان ئەو گۆرانیە دەلّێین کە باشترین دەستوورمان هەیە لە جیهان، بەلاّم وەک نەتەوە کوانێ بڕواکانمان؟"

لەکاتێکدا ئۆنیکا ماکاواتا لە لیژنەی وزاری بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان جەخت لەوە دەکاتەوە کە" لەماوەی سالەکانی پێشوو، لە هەر ٤ سەعاتدا ژنێک دەکوژرا، بەلاّم لە سالّی پارەوە لەهەر ٣ سەعاتدا ژنێک دەکوژرێت! کەواتە بەلّێ ئێمە لە شەڕێکی دۆڕاو دەجەنگین".

سەبارەت بە قوربانیان، جەنگەکە لە گۆڕینی بیرکردنەوەکاندایە. تاوەکو ئێستا ولاّتی نیلسۆن ماندیلا بەدەست ئازاری ڕژێمی پیاوسالاریەوە دەنالّێنێ.



# دادگای گاڵتەجاڕی ڕژێم ترس لە بزوتنەوەی کرێکاری

**نوسین: هەتاو عەبدوڵاهی**

پایەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەساسی ڕەشبگیری، ئەشکەنجە، تاوان، کوشتن و برین ڕۆنراوە و کۆماری سێدارە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری دوای بەلاڕیدا بردنی شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و سەپاندنی هێژمۆنی خۆی، هەر دەنگێکی ئازادیخوازی لەگەڕودا کپ کرد و ماشێنی سەرکوت و کوشتنی وەگەڕ خست و لەو بوارەوە کارنامەیەک و مێژوویەکی تەژی لە تاوانی بۆ خۆی تومار کردووە.

کۆماری مرۆڤکوژی ئیسلامی ئێران دوای بە دەسەڵات گەیشتنی دەستی کرد بە کوشتن و برین و سیاچاڵ و بەندیخانەکانی تەژی کرد لە جیا بیران و ئازادیخوازان و زۆر ڕوهەڵماڵراوانە و بێ پەروا کۆمەڵکوژیەکی دەست پێکرد کەلە سەردەمی خۆی کەم وێنە بوو. دەست و پەیوەندەکانی خومەینی خوێنڕێژ لە سەروی هەموویانەوە خەڵخاڵی مرۆڤکوژ بە ناوی خوا و بە پشت بەستن بە ئایینی درندە و قیزەونی ئیسلام کۆمەڵکوژی و ئیعدامیان لە سەرتاسەری ئێران بەڕێوەبرد کە لە ناویان دا دەتوانین ئاماژە بە جینایەتی ساڵی ٦٠ ی هەتاوی بەو لاوە بکەین لە بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازیان لە بێدادگاکانی عەدلی ئیلاهی بە مەرگ مەحکوم کرد و ئیعدامیان کردن. ڕژێم دوای ئەوە خەڵکی کوردستان ملکەچی زوڵم و زۆری حکومەتەکەی نەبوون بە هێزی جەهل و نەزانی و تەیار و پۆشتە بە چەک و چۆڵ هێرشی سی مانگەی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، کە لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان بە چۆک داهات. خومەینی و دەسەڵاتە دینی و دژەمرۆڤەکەی بەوەشەوە نەوەستاو هەر بۆ مەبەست و ئامانجە تێرۆریست خوازانەکانی هەیئەتێکی مەرگی دامەزراند بۆ ئەوەی تێرۆر و کوشتنی جیابیران لە دەرەوەی ولات دەست پێ بکات. هەیئەتی مەرگ لە چەند مۆرەی حکومەتی پێکهاتبوون کە لە ناویان دا کەسی وەک شاهرودی جینسیەتکاری تێدا بوو ئەوان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خومەینی و لەژێر ناوی جینایەتی موقەدەس دەستیان کرد بە تێرۆر و کوشتنی کەسایەتیە ناسراوەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ولات. باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ولات بوونە شوێنی سازماندان و ڕێکخستنی کارە تێرۆریستیەکانی دەسەڵات و داڵەدانی تێرۆریستان و بۆ ئەو مەبەستەش تیچویەکی یەکجار زۆر لەبەرچاو گیرابوو.

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندووە لەهەر مەقتەعێکی زەمەنی و بە هەر بیانوویەک کاربەدەستانی ڕژێم بە پشت بەستن بە یاسای بنەڕەتی حکومەت کە یاسایەکی دژە مرۆڤ و دینیە خەڵکی ئازادیخواز و جیابیریان کردوە بە ئامانجی خۆیان و بۆ سەرکوت و بێ دەنگکردنیان لە هیچ جینایەتێک سڵیان نەکردوە. ئێعدام، ئەشکەنجە، ڕەشبگیری، زیندانی قورس و سزای ئیسلامی و نامرۆڤانە و چارەڕەشی دیاری کۆماری ئیسلامی و وەلامی نارەزایەتی خەڵکی بێتاوان بووە. لە بەرامبەر هەموو ئەوکوشتو برین و سەرکوتەدا دەمانەوێ چاوێک بە کارنامەی دژە خۆکەی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی خۆراگر و خەباتکاری ئێران بخشێنین.

بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە تا بە هەنوکەش لە ئازادیخوازان ئاخێندراوە و بێدادگاکانی دەسەڵاتی خوێنرێژ بە پشت بەستن بە ئیسلام و کتێبی قورئان مژوڵی سەپاندنی حوکمی ناڕەوا بە سەر جیابیران دایە. لە بەرامبەر هەموو ئەوکوشت و بڕ و سەرکوتەدا دەمانەوێ ئاوڕێک لە بزوتنەوەی ئازادیخواز و دژە حکومەت بخشێنین کە هەر لە سەرەتاوە نایان بە ڕژێم و دەسەڵاتەکەی وت و لە بەرامبەر زوڵم و زۆر دا وەستان و تا بە ئێستاش لەسەر پێیە..

لە ئەنجامی سیاسەتە شەڕانگێز و سەرەڕۆیانەکانی ئێران و گەمارۆ یەک لە دوای یەکەکانی کە بە سەریدا سەپا باروۆخی خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە و دوکەڵی نابەرپرسیارێتی سیستم چووە چاوی خەڵکی ئەم ولاتە، بە تایبەت چینی کرێکار و کەم داهات وەک هەمیشە زیاتر زەرەرمەند بوون. دوا بە دوای گەمارۆ قورسە




ئابوریەکان و چارەڕەشی خەڵک و بێمافی هەرچی زیاتریان کۆماری ئیسلامی جارێکی تر نابەرپرسیاری خۆی بەرامبەر بە خەڵک و کێشەکانیان نیشان داو بە گرتن و زیندان و سەرکوت وەلامی خەڵکی دایەوە. لەوکاتەدا کە خەڵک بە تایبەتی چینی کەم داهات بۆ تێچوی ژەمە نانێک ماونەتەوە و پارەی ڕۆژێک فرۆشتنی هێزی بازوی کرێکارێک وەلامدەری ژەمە نانێکیش نیە کۆماری تێرۆریست بۆ گارانتی و مانەوەی هێژمۆنی خۆی سەروەت و سامانی خەڵک سەرفی گروپە تێرۆریستیەکانی حیزبولای لوبنان و سوریە و فەلستین دەکات و وەک ئەرکێ خۆی ناوی لێ دەبات. ئاکامی ئەو سیاسەتانە و گرانی و بێکاری و سەرهەڵدانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە هۆی دارمانی ئابوری ئێران بوو بە هەوێنی خۆ ڕێکخستن و یەکگرتوویی خەڵک بە ڕێبەری بزوتنەوەی کرێکاری و خۆی لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی و ڕژانە سەرشەقامدا دیتەوە. خەڵک سەرەرای سەرکوتی زۆر و ئەشکەنجە و زیندان لە خەبات و دروشم دان کە یەک لەوان (نان ، کار، ئازادی بوو نەکشانەوە و ڕاستەوخۆ پایەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرییان کردە سەردێڕی دروشمەکانیان. کۆماری ئیسلامی و دەزگای سەرکوت و نیهادە ئەمنیەتیەکانیش وەک هەمیشە جارێکی تر کارنامەیەکی ڕەشیان بۆ خۆیان تومار کرد و لە هیچ جینایەتێک دریغیان نەکرد. کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئەمنیەتیەکانی دەستیان کرد بە گرتن و زیندانیکردنی ئازادیخوازان کە لەم دواییانەدا ڕێبەرانی بزوتنەوەی کرێکاری کە لەناویان دا سێپیدە قولیان و ئیسمائیل بەخشی و هتد دوایی دەبینرێن. لە تازەترین هەڵوێستی ڕژێم بەرامبەر بە ئازادیخوازان جارێکیتر بێ دادگاکانی بە ناوی خوا و شەرعەوە حوکمی ناعادڵانەی بەسەر ڕێبەرانی کرێکاریدا سەپاند و حوکمی نارەوای زیندانی درێژ ماوە و شەلاقی بۆ بڕینەوە. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی جارێکی تر ڕواڵەتی ڕاستەقینە و دزێوی خۆی نیشان دا و حوکمی نارەوای بە سەر ئازادیخوازان دا سەپاند پرسێکی دوور لە ڕاستی نەبوو، سزای دادگایەکی پوچ بۆ کەسانێک کە تەنیا تاوانیان!! بەرگری لە ژیان و ژیانێکی باشترو مرۆڤی بوو، ئەم سزایە ترسە لە بزوتنەوەی کرێکاریی و نارەزایەتی جەماوەری و بۆ ترساندنی کۆمەڵگەیە... بەلام ئەو سزایانە بەر بە بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری بۆ ڕوخاندنی ڕژێم ناگرێت. ئەوەی ڕون و ئاشکرایە شکستی کۆماری ئیسلامی و دوایین پەلەقاژەکانێتی بۆ مانەوەی پایە لەرزۆکەکانی دەسەلاتەکەی. ڕێبەرانی کرێکاری و بزوتنەوەی ئازادیخوازی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە کوشتن و برین و زیندان لە خەبات سڵ ناکەن و تەنانەت بەندیخانەش دەکەنە قوتابخانەی خۆراگری و مێژوو دەمێکە ئەو ڕاستیەی دەرخستووە. خەڵکی ئازادیخوازیش دەبێ هەروا لەسەر پێ لە بەرامبەر زوڵم و زۆری ڕژێم ڕاوەستن و هەوڵ بۆ نەمانی یەکجارەکی کۆماری زیندان و ئەشکەنجە بدەن. کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەوە باش دەزانن کە بە زویی دەسەڵاتی قیزەون و دینیان کۆتایی پێدێ و لە دادگایەکی خەڵکیدا بەهۆی تاوانی کوشتار، جەنگ، سێدارە، سەنگسار، تاڵانی و دزی... بە سزای خۆیان دەگەن.

**بنیاتنانی ئایندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە ...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# چەمانەوەی حیزبەکان لەبەردەم یاساکانی کۆیلایەتیدا

نووسینی: عبدالرحمن رسول



مرۆڤەکان بەردەوام لە ململانێ دابوون بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر لەو قۆناغە و زەمەنەی تێدا دەژین ودەگوزەرێن، لەم پێناوەشدا زۆرترین قوربانییانداوە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانج داواکاری ومافەکانیان. لەهەمان کاتدا بەردەوام مرۆڤانێک هەبوون لە کۆمەڵگەدا لەبەردەم یاسا کۆنەپەرست ودژ مرۆڤایەتییەکاندا چەماونەتەوە وئەژنۆکانیان شکاوە وکڕنۆشیان بردووە لەبەردەم چەوسێنەران ویاساکانی کۆیلایەتیدا. بەڵام کاتێک خەڵک وشیاربۆتەوە و شۆڕشی لەدژی چەوسانەوە کردووە ئەوانیش هاتونەتە ناوخەڵک بۆ پشتیوانی کردن. لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە دوایی هاتنە سەرکاری ئاخوند و مەلاکان وسیستەمی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی ودواکەوتووانە گەشەی پێدراوە لەئێران و کوردستان لە وڵاتانی ناوچەکەدا. بەپێی بەرنامە ونەخشە ڕێگایەک کەلەلایەن ئاخوندەکانی باڵایی کۆماری ئیسلامییەوە کاری لەسەر دەکرا بە درێژایی چەندین ساڵ، ئەویش ئەوەبوو گەشەدان بە جۆرە پەروەردە و فێربوون و فەرهەنگێک کە تێدا چەمانەوە لەبەردەم یاسا کۆنەپەرست ویاساکانی کۆیلایەتییەدا کاری لەسەر بکرێت و گەشەی پێبدرێت. ئەمە لەبەرامبەر گەشەی ڕەوتی پشکەوتنخوازی وشارستانی وسیکۆلاریستی دا لەناوچەکەدا بەکارهاتووەو جێگەی خۆی گرتووە، کەبەهاوکاری وپشتیوانی حیزبەکانی عێراق وحیزبەکانی باشووری کوردستان ئەم فەرهەنگ وجۆرە پەروەردەیە زۆر بەئاسانی گواسترایەوە باشووری کوردستان وعێراق. بەپێچەوانەوە لەئێران بەدرێژایی چل ساڵی دەسەڵاتی مەلاکان نەیان توانیوە ئەم چەمانەوەیە بکەنە کەلتورو سونەتی کۆمەڵایەتی خەڵک، بەڵکو خەڵک بەردەوام لەتێکۆشانی جەماوەری وئازادیخوازیدابوون بۆ داواکردنی ماف وئازادییەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا یاساکانی دژە ئینسانی لەسێدارەدان وزیندانیکردن وئەشکەنجەدانیش لەدژیان درێژەی هەبووە، لەکۆتاییدا خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازو تێکۆشەر لەئێران سەرکەوتوو دەبێت ئەم سیستەمە ئیسلامییە ترۆ دەکرێت ودەڕووخێت. لەئێستادا بەندیخانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕن لە خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز لە ژنان و لەپیاوان کە بەهۆی بەشداری کردنیان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان زیندانی کراون، حوکمی شەلاق لێدانیان بۆ بڕاوەتەوە یان ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی دەدرێن هەتا دەگاتە لەسێدارەدانیان، ئەو بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەرییە هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوە دەچێت و لەکۆتاییدا شکست بەسیستەمی ئاخوندە ئیسلامییەکان دەهێنێت، کە خەڵک هاوکارو پشتیوانی باشتری لێ بکەن. ئەم جۆرە فەرهەنگ و پەروەردە خۆبەکەم زانینە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیی تورکیاشەوە بەهاوکاری حیزبەکانی عێراق وحیزبەکانی باشووری کوردستان هاوردەی کوردستان وعێراق کراوە ئەمەش بۆ تێکشکاندنی تاکی هاوڵاتی کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی شووکرانە بژی و بێ دەنگبێت لەئاست زوڵم وچەوسانەوەکانیدا.

ئەم جۆرە خەساندنەی تاکی هاوڵاتی لەخۆوە نییە، بەڵکو بەبەرنامەو پلانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەیە هەتاوەکو بەئارەزوویی خۆیان سامان و پارەی وڵاتی عێراق وکوردستان بەرن. تەنها ئەرکیشیان پشتیوانی بێت لەمانەوەی سەرۆکی فلان حیزب لەدەسەڵات و پلەوپایەی کارتۆنی دابێت. با کەمێک نموونەی سادە باس بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، لەساڵی ١٩٩١ کە هێرش کرایەسەر بزووتنەوەی شووراییی لەلایەن حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بۆچی ئەمە ئەنجامدرا هۆکارەکەی ئەوەبوو بزووتنەوەی شووراکانیان بەبزووتنەوەیەکی ئاسایی جەماوەری نەدەبینی، بەرەی کوردستانی باش دەیزانی بزووتنەوەی شووراکان بزووتنەوەیەکی جەماوەری ئازادیخوازو یەکسانیخواز بوو، ئەو بزووتنەوە لەسەرەتاوە یاساکانی کۆمەڵگەیان بەجۆری سیکۆلارو شارستانی و مرۆڤایەتیانە داڕشتبوو، هەربۆیەش بەتوندترین شێوە هێرشکرایە سەریان و بەشێکیان لێکردنە قوربانی. لە١٤-٧-٢٠٠٠ کە هێرشکرایە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەو حیزبە لەگەشەکردندا بوو، هەرچەندە تەلەفیزیۆنی نەبوو، بەڵام کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی، ئەمەش بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران قبوڵ نەدەکرا کەئەم جۆرە حیزب و بیروباوەڕە زیاتر گەشە بکات هەربۆیە پلانی هێرشکردنە سەریان بۆداندرا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پلانەکەی ئێرانی جێبەجێکرد، کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی تێکۆشەری کۆمۆنیستی کردە قوربانی. ئەمە بۆ کرا هۆکارەکەی ئەوەبوو ڕێگربن لەگەشەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و سیکۆلاریستی لەکوردستان. ئەگەر ئەم حیزبە لە دهۆک و هەولێریش گەشەی بکردایە هەر بەوجۆرەی لێ بەسەردەها لەوانەبوو خراپتریش لێ بکرایە. هەرچەندە چەندین کادر و سەرکردەی زۆر چالاکی لە هەولێرو بادینان تیرۆرکرا. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرو کەسایەتی سیاسییە ڕەخنەگرەکانی باشووری کوردستان و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی هەڵسوڕاوانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییە سیاسییە ڕەخنەگرەکان، تەنها بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکە، ئامانجیان گەشەدانە بەفەرهەنگ و سوونەتی چەمانەوەی خەڵک بەگشتی و گەنجان و لاوانی کوردستان بەتایبەتی لەبەردەم ئەو یاسایانەی کە پارێزەری چەوسانەوە و نابەرابەری و بێکاری وهەژاری دەکەن، ئامانج ڕازی بوون و ملکەچ کردنی کەسانی سیاسییە بەوجۆرە سیستەمە چەوسێنەرە. لە ٨-٩-٢٠١٨ بەمووشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕۆژدا هێرش دەکرێتە سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکاتی کۆبوونەوەیاندا کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە کادرو سەرکردایەتی و تەنانەت ژن و منداڵیش بوونە قوربانی. ئەمە لەخۆوە ڕووناداتا پێشتر نەخشە وپلانی بۆ داڕێژدراوە، ئامانجیش ترساندن و ملکەچکردنی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە لەباشووری کوردستان بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران، پێشتریش لەدوایی ساڵی ١٩٩١ وە ٤٠٠ هەڵسوڕاو سیاسی و کادرو ئەندامانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەباشووری کوردستان تیرۆرکراوە بەپلان ونەخشەی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران، بەڵام کەمترین کەس لەبکوژەکانیان سزا نەدراون و دادگایی نەکراون، ئەمەش لەخۆڕانییە. لە٢٦-١-٢٠١٩ خەڵکی شارۆچکەی شیلادزێ و دەوروبەری دەستیان بەناڕەزایەتی و ڕاپەڕین کرد لەدژی هەبوونی سوپایی دەوڵەتی تورکیا لەناوچەکەیاندا ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو کە فڕۆکەکانی تورکیا بۆمبارانی ناوچەکەی کردبوو بەهۆیەوە چەندین کەس ببوونە قوربانی. دواتر هێزەکانی پۆلیس وئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کەسیان لەچالاکوانان و بەشداربووانی ئەو ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینە زیندانی کرد و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییدا، دواتر لەژێر فشاری چالاکوانی مەدەنی لەوڵاتانی ئەوروپا و ناوخۆی کوردستان ئازادی کردن. لە ئێستادا ئەوا بۆ ماوەی دوو مانگە گەمارۆ خراوەتە سەر کەمپی ئاوارەکانی مەخمور لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەولێر کە خەڵکی ئاوارەی باکووری کوردستانی تورکیای لێ نیشتەجێ کراوە. ئەم گەمارۆدانە لە دوایی کوشتنی عوسمان کۆسەیە کە یەکێکە لەئەندامانی میتی دەوڵەتی تورکیایە لە ١٧ی تەممووزی ٢٠١٩ لە ڕێستۆرانتی هۆقەبازی شاری هەولێر. کەماوەی دوومانگە گەمارۆیان خستۆتە زیاتر لە ١٢٠٠٠ لەژن و منداڵ و هاوڵاتیانی ئاوارەی کەمپی مەخموور. کە ڕێگری لە ٢٠٠٠ کرێکار دەکرێت بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و ڕێگری لە قوتابیانیان دەکرێت کە بچنە خوێندگاکانیان لەشاری هەولێر. ئەمە وێڕای هێرشکردنە سەر ئازادییەکانە، لەهەمان کاتدا درێژەدانە بە گەشەدانی فکری فاشیزم و دژە مرۆڤایەتی لەژێر سایەتی دەسەڵات و سیستەمی چەوسێنەری ناسیۆنالیستی و کوردایەتیدا. ئەمانە هەمووی بۆ گەشەدانەبە فەرهەنگ و سوونەتی ملکەچ بوونی خەڵکی کوردستان لەئاست یاساکانی چەوسانەوە و یاساکانی کۆیلایەتی دا. حیزبەکانی ناو دەسەڵات وحیزبە سێبەرەکانی وەک ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ و زەحمەتکێشان وکرێکاران ورەنجدەران و شیوعی هەموویان چەماونەتەوە لەبەردەم یاساکانی چەوسانەوە و یاساکانی کۆیلایەتی دەسەڵاتی چەوسێنەر لەباشووری کوردستان، ناکرێت هیچ متمانەو خۆشباوەڕێک بەم جۆرە حیزبانە بکرێت، چونکە ئەم جۆرە حیزبانە هەریەکەیان دووکانێکن بۆخۆیان کە یاری بەچارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، ئەم حیزبانە بەهەموو پێورێکیان مشەخۆرو بێ کەڵکن لەیەکێتی وپارتی زۆر خراپترن، گەمژەیی یە متمانەو هیچ هیوایەک بەم جۆرە حیزبانە هەبێت لەبەرئەوەی بەهۆی شاباش و پارێزگاریکردنی ئەم حیزبانەوە دەسەڵات و سیستەمی چەوسێنەر پایاکانی مانەوە ئەستوور دەکات و زیاتر گەشە بە گەندەڵی و دزی وچەتەیی سامان و پوڵ و پارەی گشتی کۆمەڵگە دەدات.

دەرئەنجام: کۆمەڵگەیەک خاوەن سیستەمی چەوسێنەر بێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە گیرۆدەی چەوسانەوە ونابەرابەری وسەرکوت دەبێت و بە زۆر بەبێ خواستی خۆیان دەبێت ڕەزامەندبن بە هەبوونی یاساکانی جیاکاری و کۆیلایەتی و چەوسانەوە و هەژارکردنی کۆمەڵگ. کە مرۆڤەکان بیانەوێت یاساکانی، چەوسانەوەو کۆیلایەتی نەمێنێت تەنها ڕێگایان تێکۆشانی یەکگرتووانە و هاوبەشە بۆ گۆڕانی سیستەمی چەوسێنەر و کۆمەڵگایە.

پرسیارێک ڕووبەڕووی هەر هاوڵاتێکی باشووری کوردستان دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، چەمانەوە یان تێکۆشان لەبەردەم یاساکانی کۆیلایەتی دا؟! ئایا خەڵک درێژە بەبێ دەنگبوونی خۆی دەدات لەئاست جێبەجێکردنی یاساکانی کۆیلایەتی و یاساکانی چەوسانەوە و دژە مرۆڤایەتی لەباشووری کوردستان؟ ڕوونە ئەگەر خەڵک بێ دەنگی هەڵبژێرێت ئەوا فاشیزمی بزووتنەوەی کوردایەتی گەشە دەکات وفکرو بیروباوەڕی کۆنەپەرستی وخورافیات و دواکەوتوویی زیاتر گەشەدەکات، ئازادییەکان سنووردارتر دەکرێن و مافەکانی مرۆڤ زیاتر پێشێل دەکرێن، بەڵام باشترین نەخشە ڕێگا ئەوەیە کە خەڵکی باشووری کوردستان بێ دەنگی بشکێنێت لەتێکۆشانێکی هاوبەشی یەکگرتووانەدا بێتە مەیدانی تێکۆشان بۆ بەرگریکردن و لەماف و ئازادییەکان وبۆ بەرگری کردن لەمرۆڤایەتی بوونی خۆیان.



## پرسی ژن ؟

تونددوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی تونددوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# ئافرەت قوربانی یەکەمی مومارەسەی سێکس

## نووسینی: شوانە حەسەن

لە هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەر لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە تا زەمەنی ئێستا مومارەسەی سێکس کراوە، ئەو مومارەسەکردنە لە ڕێگەی ژیانی هاوسەریەوە بووبێت یاخود لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری بووبێت یاخود مومارەسەکردنی سێکس، وەک دوا لوتکەی خۆشەویستی بوو بێت، یان بە شێوەی دەست درێژی کردن بووبێت یان بەشێوەی بازرگانیکردنی جەستە بوونی هەبوە، و قوناغ دوای قۆناغ ئەنجام دراوە بە هەموو شێوەکانییەوە، بەڵام تێڕوانینەکان لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو قاڵب و چوارچێوەی وەرگرتوە. ئەگەر لە سەرەتای مێژوودا سێکس بە جەماعی و بەبێ بوونی هیچ سنورێکی دیاری کراوی پیاوان و ژنان بەگشتی و پێکەوە مومارەسەی سێکسیان کردبێ، ئەوا هیچ باجێکی بۆ هەردوو ڕەگەز نەبووە، بەڵام بەدوای سەرهەڵدانی ئایینەکان و دەرچوونی مرۆڤ لە عەقڵی شلیکی سێکس دەخرێتە قاڵبی ژیانی هاوسەریەوە و لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری سێکس بە گوناه و تاوان دادەنرێت و سزاشی لەسەرە بۆ ئەو کەسانەی بەو کردارە هەڵدەستن، بەتاییەت ئەو سزایە بەسەر ژنان و کچاندا جێبەجێ دەکرا و تا ئاستی کوشتن و لەناوبردن بووە، چونکە ئایینەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ژن سەرچاوەی یەکەمی فریودانی پیاوان و داوێن پیسی یەو ئەمەش لە ئەفسانەی یەکەمەوە " ئادەم- حەوا" و بە دیاری بۆ ژنان هێنراوە بەپێ ئەو ئەفسانەیە حەوا یەکەمین کەس بووە کە ئادەمی فریوداوە بۆ ئەوەی لە میوەی بەهەشت بخوات، بۆیە خوداش بەسزای دەرکردن لە بەهەشت مەحکومیان دەکات. لێرەوە ژنان وەک گومان لێکراو تاوانبار سەیر دەکرێن و دەبێت بەردەوام ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بن، چونکە خوا پیاوی لە ژن بە گەورتر دروست کردوە، بەزۆری دەسەڵاتەکانی ئایین ڕەگەزی مێیان زیندە بەچاڵ دەکرد، لە تەمەنی لە دایک بووندا و بە سەرچاوەی کارەساتیان دادەنا، بەڵام کاتێک ڕەگەزی مێ بەرە و لەناو چوون و کەم بوونەوە هەنگاوی نا، دیاردەی زیندەچاڵکردنی ڕەگەزی مێینە کۆتاییهات. ئەگەر هەنگاوی یەکەم لەبەرمانەوەی نەسلی بەشەری بوو بێت، ئەوا هەنگاوی دووەمیان ڕوانگەیەکی سێکسی هەبوو، چونکە بەنەمانی ڕەگەزی مێینە پیاوان مەحروم دەبوون لە چێژی سێکسی، بۆیە بە ناچاری زیندە بەچاڵکردن ڕاگیرا، بەڵام چەندین یاساو دەستوری جۆراو جۆریان بۆ کۆیلە کردنی ژنان داناو بە چاوی کەمتر لە پیاو سەیر دەکراو بەردەوامیش گومان لەسەری هەبوو بەفریوەدەر حسابی لەسەر دەکرا. سەرباری ئەوانە بە هەموو ئەو سزاو ئازاردانەشەوە دەبوایە ژنان کۆیلەیەکی باشی دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانی پیاو بوونایە سزای سەنگسارکردن و بەردەبارانکردنیش بۆ ئەو ژنانە هەبوو ئەگەر پەیوەندی سێکسیان هەبوایە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری هەتا مردن، لێرەشەوە ژنان هیچ کات خۆیان بۆیان نەبوو بە خواستی خۆیان هاوسەر هەڵبژێرن، یاخود پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کەسێکدا ببەستن، بەڵکو هەمووی لە دەستی پیاودا بوو کە بڕیار لەسەر چارەنوسیان بدات، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی سروشتی یە کە پیاوان سەردار و سەروەری ژنان و پیاو هەموو مافێکی هەیە بەسەر ژنانەوە و ئەو دەسەڵاتەش خودا داویەتی بە پیاوان!!، چونکە ژنان بە کەڵکی ئیدارەکردنی خێزان نایەن و چاکەو خراپە نازانن و سەرچاوەیەکیشن بۆ داوێن پیسی و فریودانی پیاوان بۆ کاری سێکسی، بۆیە پیاوان دەبێت سەرکردەو دەسەڵاتداریان بێت و ئەو دەسەڵاتەش شتێکی سروشتییە. سروشتییە پیاو فەرمان دەربکات و ژنەکەش ملکەچی بێت، لەبەرئەوەی ڕەگەزی نێر لە مێینە باشترە بۆ سەرکردایەتیکردن کەواتە دەسەڵاتدارێتی پیاو بەسەر ژندا مەسەلەیەکی سروشتییە!! بەپێی ئایدیای ئایینی سروشتییە دەسەڵاتدارێتی پیاو بەسەر ژندا و ڕەوتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی پاڵپشتی ئەو دەسەڵاتەیە بۆیە ژنان بۆیان نییە هاوسەر دیاری بکەن، بەڵکو ئەوە باوکەو برا هاوسەر بۆ کچەکەیان دیاری دەکان، ئەوەش بەشێک بووە لەو دەسەڵاتە سروشتییەی ئایین دوایەتی بە پیاو و ئەفسانەی یەکەمەوە سەپێنراوە و پیاوان جێبەجێ دەکەن. بۆیە هیچ کات لە سەدەمی کۆندا ڕێگە بە خۆشەویستی نەدراوە و هاوسەر دیاریکردن سوننەت و تەقلیدێکی بووە و هیچ پاڵنەرێکی هەستەوەری لە پشتەوە نەبووە، بە مەیلی سێکسیشەوە و بگرە ئارەزوە سێکسیەکانی ژنان هیچ حسابی لەسەر نەکراوە و پیاو هەرکاتێک ئارەزوی سێکسی جولابێ بەبێ حساب کردن بۆ بەرامبەر مومارسەی کردوە، چونکە ژن لای ئەو عەقڵیەت و کەلتوورە تەنها تۆپەڵێک سێکس بووە بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی پیاو و خستنەوەی منداڵان و بەخێوکردیان، هەر کاتێک ژنێک ئارەزوی سێکسی کردبێت نەیتوانیوە ئەو ئارەزوی تەنانەت بۆ هاوسەرەکەشی دەربڕێ، چونکە ژنان بۆیان نەبوو گوزارشت لە هەست و سۆزەکانیان بکەن، یاخود پێداویستییە فیسیۆلۆژی و ڕووحیەکان بە خواستی خۆیان تێر بکەن. نەک ئەوەی تێر بکەن، بەڵکو ئەوان هیچ مافێکیان نەبووە و هیچ کاتیش بۆیان نەبووە ناڕەزایەتی دەبڕن بەرامبەر بە هەر کردارێک کەلە ژیانیاندا بەڕێوە دەچێت. ناڕەزایەتی دەربڕن لەلای دەسەڵاتی باوکسالاریی مانای دەرچوونە لە فەرمانی باوک و خێزان و خواوەند و دەسەڵات. بۆیە ژنان دەبوایە لە هەموو حاڵەتێکدا ملکەچی بوون هەڵبژێرن ئیدی کەبتی بەردەوامی هەست و سۆزو غەریزەکانیان دەکرا تەنانەت مافی مرۆڤ و بونیشیان لێ زەوت دەکرا، تا ئەو جێگایەی مرۆڤ وەک کۆیلە سەیر بکرێ و هەرچی مافی مرۆڤ بوونیەتی لێ زەوت بکرێ. مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات و مرۆڤ و چۆن گوزارشت لە خواستەکانی بکات، یاخود چۆن گوزارشت لە سەرەتاییترین مافی بکات کە سێکسی و هاوسەری بە خواستی خۆی یەکەمینیانە، ئەوە ئەو کەلتوورەیە کە ئایین و دەسەڵاتی خێڵەکی و پیاو سالاری لە ئادەم حەوا وە بۆ ژنانیان بەدیاری هێناوەو ژنانیش پێ کۆیلە کردوە و بچوکترین ڕێگایان بۆ ئازادی ژنان نەهێشتۆتەوە. ئایینەکان و عەقڵیەتی خێڵ و باوک هەموویان بە درێژایی مێژوو هەتا بە سەردەمی ئێستاش دەگات، لەسەر ئەوە کاریان کردوە کە ژنان کۆیلەکان و پیاو بکەنە دادوەری ڕەهایان بەمەش ژنان لە زۆرترین حاڵەتدا بێبەش بوون لە دیاریکردنی ژیانی خۆیان، هەمیشە سزای زاڵمانەی پیاوسالاری بۆیان ئامادە بووە، بەبێ ئەوەی بچوکترین سزا بۆ پیاو بوونی هەبووبێ ئەگەر ئەو پیاوە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریش پەیوەندی سێکسی هەبوایە و ئاشکرا ببوایە سزایەکی زۆر بچوکیان دەدا. لەکاتێکدا مومارەسەی سێکس بەبێ بوونی دوو ڕەگەزی جیاواز ڕوونادا و ئەگەر تاوان بێت، ئەوا ئەو تاوانە هاوبەشەو سزاکەش دەبێ بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بێت، بەڵام لە و جۆرە حوکم دەسەڵاتانەدا بە هیچ شێوەیەک سزای پیاوان یەکسان نەبووە لەگەڵ ژنان، ئەوەش پەیوەندی بە حاکمیەتی ڕەهای پیاو هەیە بەسەر ژندا. جیا لەوانەش پیاوان لەسەر بنەمای ئارەزوەکانی خۆیان بۆ سێکس هاوسەریان هەڵبژاردوە، بەڵام دیسان ئەمەیان بۆ ژنان حەرامە و قەدەغە بووە، بۆیە هەمیشە باوکان بڕیاریان داوە هاوسەر بۆ کچەکانیان دیاری بکەون و ژنیش بۆ کوڕەکانیان بهێن. بەمەش هیچ کات هاوسەر دیاریکردن لەسەر بنەمای خۆشەویستی بوونی نەبووە، واتە مومارەسەکردنی سێکس، لە دەرەوەی خۆشەویستی بوو، تەنها لە ڕێگەی ژیانی هاوسەریەوە سێکس دەکراو ئەوەش زۆرترین جار دوور بوو لە ئیرادەی خۆیان و وەک سونەتێکی هاوسەریش ئەو ژن و مێردەی کە لە دەرەوەی خۆیان ئەو ژنانە یان بۆ دیاری کراوە دەبێت مومارەسەی سێکسیش بکەن، ئەوەش زۆرترین کات چێژی بەو دوو مرۆڤە نەبەخشیوە و نەبووتە هۆکاری دروستبوونی خۆشەویستی و ژیانێکی ئارام و بێگرێی دەرونی، کە بێتە هۆکاری گەشەکردنی هەستەکان و ژیانێکی پڕ لە ئاسودە و پێکەوە گونجانی ڕووحی و جەستەیی.

**پەیوەندی سێکسی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ ڕەزامەندی ژنەکە قەدەغەیە، ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت...**



# خۆشم ئەوێی

خۆشم ئەوێی
ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بخەینە ناو کێڵگە واتاییەکانی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە :
خۆشم ئەوێی، وشەیەکی دوو بڕگەیی لێکدراوە، [خۆش] ئاوەڵناوە، [م] ڕاناوی لکاوە، [ئەوێی] کردارە و چاوگەکەشی "ویستن"ە
* ..خۆش.. هەم بۆ تامکردن و هەمیش بۆ وەسفی شوێن و هەندێ جاریش بۆ گوزارشت لە ئاسوودەیی بەکاردێت
* .ئەگەر پیتی [م]ی پێوە بلکێنین، ئەبێتە خۆشم، واتە [خود] بۆ نموونە: (خۆشم ئەوەم ئەزانی) یان (خۆم لەو کاتەدا لەوێ بووم) لەهەمان کاتدا مانای (من خۆشم) وەرە بمخۆ یان وەرە تاممکە دەگەنێت* .
ئەوێ.. جگە لەوەی کە خواستە بۆ بەدەستهێنانی شتێک، زۆر جاریش ئاماژەیە بۆ شوێن، بۆ نموونە: (بەڕاست تۆ خەڵکی ئەوێی؟)!
کەواتە [خۆشم ئەوێی] چ پەیوەندییەکی بە هەستەوە هەیە؟
ئەم دەستەواژەیە، لە [خۆشەویستی]ەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە خواست یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خۆشیی، ئەمەش کەم تا زۆر پەیوەندی بە تێرکردنی ئارەزووەکانەوە هەیە، نەک [ئەوین] و ئەویندارییی و دڵدارییی!

٢٠١٩

ئارام حەسەن



## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات…

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

## بەشیکی تر لە دەقی
## دڵم دەکەم بە هێڵانەی چۆڵەکەکان

بەشێکی تر
لەدەقی دڵم دەکەم بەهێلانەی
چۆلەکەکان
..........
ماوەیەکە خوویەکی خراپم
بەخۆمەوە گرتووە
زۆر داڵغە بەخۆمەوە لێدەدەم
زۆر جار لەملاو لا بەشێکی
جەستەم لێ بەجێدەمێنێت و
سەرم بۆناخرێتەوە
ناو جانتاکەم و
ناتوانم
بەسەر خۆدا هەنگاو بنێم
............
ماوەیەکە ڕقم لەدەنگی خۆمەو
بە هەموو بۆڵەبۆڵێکی خۆم
هەراسان دەبم
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
وێنەیەکی
کچە شەنگالیەکو خاچێك
بەدیوارەکەدا هەڵدەواسم
حەزدەکەم گەمەیەکی شێتانە
لەگەڵ خۆمدا بکەم
حەزدەکەم بزمار بەسەری خۆمدا
داکوتم
چاوم دەخەمە جانتاکەم و
بەدەنگێکی پیاوانەوە
بەدایکم دەڵێم
دڵم بۆبپێچەرەوە
بەیانی سەفەردەکەم
.............
ماوەیەکە حەزم بەگەڕان نییە
لەگەڵ خۆمدا
وەك جاران گوێم لەدەنگی باران
بۆناگیرێت
زوزو بەسەر خۆمدا هاوار دەکەم
بۆنی سێکسی ئەم پەرلەمانە
مەزاجی تێکداوم
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
وێنەیەکی مایکۆفسکی
بەدیوارەکەدا هەڵدەواسم
دایکم بە بەرائەتێکی نارنجیەوە
پێم دەڵێت کوڕم بەدەم خەوەوە
زۆر ناڵە ناڵ دەکەیت
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
قەسیدەیەکی خۆم بەخوێنەوە
بەرامبەر خۆم هەڵدەواسم
............
ماوەیەکە
بیر لەگۆڕینی ئەدرێسەکەی
خۆم دەکەمەوە
نامەوێت ئەوەندە چاوم بەچاوی
ئەو پۆست چیانە بکەوێت
کەنامەی درۆم بۆ دەخەنە ئەم
دیوی حەوشەکەمانەوە
حەزدەکەم تێڤێکە بکوژێنمەوەو
سەرم بخەمە ئینجانەیەکی
توڕەوەو لەبەردەرگا داینێم
حەزدەکەم
ئەدرێسەکەم بگۆڕم و
بەهاوڕێکانی گۆڕستانم بڵێم
غەڵبە غەڵبی
ئەم پەرلەمانە شێتیان کردوم
ڕقم لەدانیشتنی سەرکورسی
ئەم تەرمیناڵەیە
ئەمەوێت شتێك بەسەرۆك بڵێم
ئێ خۆمن بەخەویش پاپۆڕی
گەورەم نەبینیوەو
سوار ی شەمەندەفەری
کارەبایی نەبوم
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
وێنەیەکی دالیدا بەدیوارەکەدا
هەڵدەواسم
دایکم بەدەنگێکی ئیسلامانەوە
پێم دەڵێت کوڕم
بەرد دەبارێت ئەو وێنە ڕوتە
داگرە
............
ماوەیەکە خوویەکی خراپم
بەخۆمەوە گرتووە
ناتوانم بڕۆمە بەر ئاوێنەو
بەشانو باڵی خۆمدا هەڵدەم
بۆگەنی پیاوە درۆزنەکانی
ناو هۆڵی پەرلەمان شێتیان
کردوم
ناتوانم ئەوەندە چاوەڕوانی
شەمەندەفەرێکی
شکاو بکەم
ئەمەوێت لەم درۆگەورەیەیی
خۆم بێمە دەرێ و



بەپاسەوانەکانی سەرۆك بڵێم
ئێوە لەبەر ئاوێنەدا
پارچە پارچە دەبن
من ڕقم لەپاپۆڕی گەورەیە
حەزناکەم کوڕەکانی سەرۆك
لەئاودا ببینم
.............
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
وێنەی کۆڵبەرێکی ئێرانی
بەدیوارەکەدا هەڵدەواسم
من ڕقم لەغەڵبە غەڵبی ناو هۆڵی
پەرلەمانە
پیاوە سك زلەکانی ئەوێ
بۆگەنی سێکسیان لێدێت
ئەم بۆنە شێتم دەکات
ناتوانم ئەوەندە
لەسەر کورسی ئەم تەرمیناڵە
دانیشم
خەریکە سەرم لێدەکەوێتە
خوارەوەو
هاوڕێکانی گۆڕستانیشم
بەدوای خۆیاندا ڕام دەکێشن
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
وێنەیەکی
خوا بەدیوارەکەدا
هەڵدەواسم
............
١٠/٩/٢٠١٩
**میرزا**



## ڕەنگە من وەها بوبم

ڕەنگە من کەمتەرخەم بوبم
ئەبو ئێستا
لە ناو نەخشی پەردەی ماڵە خانەدانەکانا
لە دیواری مۆڵ و مینی مارکێتەکانا
لە باخچەی ماڵە هەژارەکانا
ئەبوو من پەیکەرێکی برۆنزیم
بۆ بە کرد بایت
ڕەنگە من زەین کوێر و بێ سەلیقە بوبم
ئەبوو ورد تر بە چاوەکانتا بڕوانم
ئیلهامی هەزار و یەک شیعرم
لە نیگا و ڕوانینەکانتەوە بۆ بهاتبایە
ئەو شیعرەم تەکمیلە کردایە بۆت
کە هەر خۆت خستبوتە ناو دڵمەوە
ڕەنگە من زۆر خراپ بووبم
نەمتوانیبێ شەوژەنێک بدەم لە هیچ خەمێکت
هیچ داڵغەیەکت ڕەنگ ڕێژ کەم و
گرێی هیچ گلۆڵەیەکی پەژارەییت بۆ بکەمەوە
حەیف و خەسار
بۆ منی بێ ئەمەک و هیچ پێ پێنەزان
نە قەدری ئەو جوانیەم زانی و
نە بیوم بەو ئەسپ سوارەی
لە سە ڕێگا هەڵتگرم و
بتگەڕێنم بە چیاو دۆڵ و دەوەنی کوردستان .

ن : عوسمان قادر نادر
٩ / ٩ / ٢٠١٩ سلێمانی

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح







## بەرهەمی هونەرمەند پێریڤان محەمەد



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### هێڵی ئاسمانی بەریتانی(ئێروەیس) زوربەی گەشتەکانی بۆ ماوەی دووڕۆژ هەڵوەشێنرایەوە بەهۆی مانگرتنی فڕۆکەوانەکانی



کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی بەریتانی (برتش ئێروەیس) لە نیوەی شەوی ٨ ی ئەیلوول بڕیاری مانگرتنی دووڕۆژەیان داوە. بە هۆکاری مووچە و هەلومەرجی کار چاکردن. کۆمپانیاکە هاوڵاتیانی ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی نەچن بۆ فڕۆکەخانە، زۆربەی ئەوانەی بلیتیان بڕیوە لەو کۆمپانیایە ئامادەکاریان کردووە. هەریەکە لە نەقابەی فڕۆکەوانان و بەڕێوەبەرایەتی برتش ئێروەیس نیازی خۆیان خستۆتە ڕوو بۆ بەردەوامی گفتوگۆکان. سەرەڕای ئەوەش، کۆمپانیاکە زووربەی گەشتەکانی ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممەی لە بەریتانیاوە هەڵوەشاندۆتەوە.

کێشە لەسەر مووچە

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە لە دوایین بەیانی خۆیدا گووتی "ئامادەن بۆ بەردەوامی گفتوگۆکان لەگەڵ نەقابەی فڕۆکەوانان". هەرچی نەقابەیە دەڵێ ئامادەین بە هەڵوەشانەوەی مانگرتن ئەگەر بێتوو بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە ڕازی بێت لەسەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە پێشنیارە تازەکان. ئەوەشی زیاد کرد، کە بۆیە پەنایان بۆ مانگرتن بردووە، وەک دوا ڕێگە چارە، و لەئەنجامی شکستهێنانی هەموو هەوڵەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی.

لەماوەی پێشوودا فڕۆکەوانەکان زیادکردنی مووچەکانیان بە ڕێژەی ١١,٥٪ بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕەتکردۆتەوە کە کۆمپانیاکە لە تەمووزی پێشوو پێشنیاری کردبوو.

نەقابەکە دەڵێ" فڕۆکەوانەکان بەزیادبوونێکی کەمی مووچە ڕازی بوون و قوربانی زۆریان داوە لەکاتی تێپەڕبوونی کۆمپانیاکە بەهەلومەرجی خراپدا لەم ساڵانەی دواییدا. جەخت لەوە دەکەنەوە کە برتش ئەیروەیس قازانجی زۆری بەدەستهێناوە، بەڵام هیچی بۆ فڕۆکەوانەکان نەبووە. کۆمپانیاکە ئاشکرای کردووە کە ساڵی پار ڕێژەی ٩٪ قازانجی زیادیکردووە.

کۆمپانیاکەش دەڵێ فڕۆکەوانەکانیان مووچەی بەرز وەردەگرن بەبەراورد لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی دنیا. برواشی وایە مووچەی پێشنیارکراو بۆیان" دیڤدانی تێدایە و سەخیە). دەلیلەکەش ڕازی بوونی نەقابەکانی دیکەیە بەو برە زیادەیە.

ئەو زیادەیەی داواکراوە لە ماوەی ٣ ساڵدا بۆ فڕۆکەوانەکان بۆ هەندێکیان دەگاتە ٢٠٠ هەزار جنەیهی ئستەرلینی لە ساڵێکدا.

### سزای زیندانی ١٨ساڵ بۆ ٧کرێکار و چالاکوان لە ئێران

ڕۆژی شەممە ٩ی ئەیلوول، دادگایەکی ئێرانی




سزای جیاوازی بۆ زیندانیکردنی کرێکار و چالاکوانانێک دەرکرد کە ساڵی پار لەشاری شوش سەربە پارێزگای خوزستان لە خۆرئاوای ئێران، لەبەرامبەر نەدانی مووچەکانیان ناڕەزایەتیان دەربڕیبوو. پرسەکە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨، کاتێک کرێکارانی کارگەی شەکر لە شاری شوش ناڕەزایەتیان دەربڕی لەبەرامبەر نەدانی مووچەکانیان بۆ چەند مانگێک. ئەوکاتە پۆلیس بە هێز سەرکوتی خۆپیشاندانەکەی کرد، و هەندێک کرێکاریش پشتیوانیان لە نوێنەری نەقابەکە (ئیسماعیل بەخشی) و ڕۆژنامەنووس (سپێدە قلیان)ی کرد. ئەمانەش سزایان بەسەردا سەپاوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ بڵاویانکردەوە کە دادگای شۆڕش لەتاران بڕیاری زیندانیکردنی لەبەرامبەر ٧ کرێکار و چالاکواندا دەرکردوە، کە سزاکان لە ٦ بۆ ١٨ ساڵ زیندانی دەبێت. دادگا تۆمەتی جیاجیای خستوونەتە پاڵ وەک ( هەستان بەچالاکی دژ بە ئەمنی قەومی و ئەندام بوون لە گرووپی دەرەوەی یاسا و هاندان بەدژی ڕژێم).

دادگا سزای ١٨ ساڵی سەپاند بەسەر ٥ لە چالاکوانان( سپێدە قلیان و ئەمیر حسێن و محمد فەرد و عەسەل محمدی و ئەمیر ئەمیرقلی و ساناز الهیاری). هەروەها سزای ١٤ ساڵی سەپاند بەسەر نوێنەری نەقابەی کرێکاران( ئیسماعیل بەخشی) و کرێکاری کارگەی شەکری شوش محمد خنیفر بە ٦ ساڵ زیندانی.

هەروەها مانگی ڕابردوو دادگا سزای زیندانی دەرکرد بەسەر ٧ کرێکاری هەمان کارگە لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزاکە بۆماوەی ٨ مانگ.

### ڕاپۆرت: کوێت خراپترینە لە نێو وڵاتانی دنیا سەبارەت بە کرێکارانی هاتوو لە دەرەوە!

پێوەری (Expat insider 2019)کە ڕێکخراوی ( Inter Nations)بۆ کرێکاری هاتوو لە هەموو دنیا دەری دەکات، کوێت کەوتبووە ڕیزبەندی خوارەوە لە خراپی بەرامبەر کرێکارانی هاتوو. هەروەها بەحرەین لە ڕیزبەندی حەوتەم بوو لە ١٠ وڵاتی باش بۆ کرێکارانی هاتوو لە جیهان. قەتەر لە ڕێزبەندی دووەمی وڵاتانی عەرەبی و هەژدەهەم لە



ڕیزبەندی جیهانی و بەدواییدا مەراکش بە ڕیزبەندی ٢٦ و سەڵتەنەتی عومان ٣٢ لە جیهان و ئیمارات بە ٤٠ هەمینی جیهان و میسر بە ٤٩هەم لە جیهان هاتوون.

لیستەکە ٦٤ وڵاتی لەخۆ گرتبوو لە ئاستی جیهان لە ناویاندا وڵاتی عەرەبی وەک عەرەبستانی سعودی و جەزائیر و تونس نەبوون.

لەسەرووی هەموویانەوە وڵاتی تایوان دێت لە باشترین وڵات بۆ کرێکارانی هاتوو، دوای ئەو ڤێتنام و پورتوگال و مەکسیک و ئیسپانیا بەدوای یەکتردا دێن. وڵاتانی پیشەسازی و ئابووری گەورەی وەک ئەمەریکا لە ڕیزبەندی ٤٧ و چین ٥٠ و ئەڵمانیا ٣٣ دێن.

### مانگرتنی فراوانی کرێکارانی گەیاندن گشتی لە پاریسی پایەتەخت، هەڕەشە لە ئیفلیجکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە دەکات.

ڕۆژی هەینی ١٣/٩/٢٠١٩ پاریسی پایەتەختی فەرەنسا مانگرتنێکی فراوانی کرێکارانی کەرتی گەیاندنی گشتی ( میترۆ، لۆری، ترامواى شەمەندەفەری ناو جادەکان...) بەخۆوە بینی، ئەوەش لەبەرامبەر پرۆژە یاسای چاکسازی خانەنشینی. کە بووە هۆی هەڕەشە بۆ ئیفلیج بوونی ئامرازەکانی گواستنەوە. دەبێتە هۆی وەستانی ١٠هێڵی میترۆی ناو تونێلەکان لەکارکردن بەتەواوی، هێڵەکانی دیکە بەشێوەیەکی کەم کار دەکەن.

زۆرینەی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی لە پاریس و ئەوانەی سەر بە ئەنجومەنی گواستنەوەی ناوخۆیی تایبەتی پایەتەختی فەرەنسین لەکارکردن دەوەستێت. ئەمەش بەگەورەترین مانگرتنی فراوانی کرێکارانی ئەوکەرتە دادەنرێت لە ١٢ ساڵی ڕابردوودا وەک ناڕەزایەتیەک لەبەرامبەر پرۆژە یاسای چاکسازی خانەنشینی.



هەروەها مانگرتنەکە خزمەتگوزاری لۆری و ترامواى کە بەشێوەیکی زۆر هەیە لەپاریس و دەوروبەری دەگرێتەوە. ئەنجومەنی پاریس ڕایگەیاند کە تەنها یەک هێل لە کۆی ٣ هێل کار دەکات.

ئەم مانگرتنە لەلایەن چەند نەقابەیەکی کرێکاریەوە ڕاگەیەندراوە کە بەناوبانگترینیان یەکێتی گشتی کارە( گەورەترین نەقابەی فەرەنسایە)،و یەکێتی نەقابە سەربەخۆکان، ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو ئاراستەکردنی هۆشداریەکی توند بۆ حکومەت بۆ پاشگەزبوونەوەی لەو پرۆژە یاسایەی پەیوەستە بە مووچەی خانەنشینی. نەقابەکان لەهەمان کاتدا، داواکارن بە پارێزگاری کردن لە هەلومەرجی تایبەت بەکرێکارانی کەرتی گواستنەوە کە لێی بەهرەمەندن.

ئەنجومەنی گواستنەوەی پاریس لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردووەوە ڕایگەیاندوە کە مانگرتنەکە فراوان دەبێت، و داوای لە هاوڵاتیان کردووە لە ڕۆژی هەینیدا کەمترین هاتوچۆ بکەن. لە بەیانێکدا دەڵێن" هەست بەزەحمەتیەکانی خەڵک دەکەین لە ئەنجامی ئەم مانگرتنەدا"، ئاماژە بەوە دەدات کە هەندێک ڕێوشوێن گیراوەتە بەر بۆ یارمەتیدانی ئەو ئاستەنگیە، وەک فەراهەمکردنی ٣٠ دەقە بەخۆڕایی بۆئەوانەی سیستەمی پایسکلی کارەبایی(سیتی سکوت) بەکاردێنن.

**دنیا لینگەو قوچە، دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە، ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە...**

# جەندەر و زمان : ئافرەت و ئاژەڵ

نووسینی: کازیوە ساڵح

## بەشی سێیەم



بەهۆی بەهرەمەندی و توانای تاکەوە لە ئاماژە وهێما 'دلالەت'ە زمانەوانییەکانەوە کاریگەری زمان لەسەر مۆراڵ خۆی نمایش دەکات. منالڵدانی کۆمەڵی کورد بەرهەمهێنەری زمانی زبر و ڕوشێنەرن. ئەو زمانەی بەرهەمی ڕەگ و ڕیشەیەکی سایکۆلۆژی بەهێز نییە، دەمان داتە دەست خۆناسینێکی وەهمی کە دەنگ و ئەرکمان هیچ تێڕامانێکی مرۆیی و مەعریفی دروست ناکات. ئەم زمانە لەپشت دەستەواژەو دەربڕینەکانیەوە خۆشەویستی نەک تەنها بۆ مرۆڤ، بەڵکوو بۆ هیچ بوونەوەریەکی تریش هەڵنەگرتووەو دەستەواژەکانی دەکەونە

## ئەوەندەی یاسا ڕۆژئاواییەکان بەها و مافی ئاژەڵیان خستووەتە نێو بەندە یاسایەکانیەوە، ئەوەندە یاسای ڕۆژهەڵاتی مافی مرۆڤی جێگیر نەکردووە....

دەرەوەی واتاوە. لەکۆمەڵێکی رۆژهەڵاتیدا کەئەخلاق تەنها دەقێکی تیوریەو بەزمانێکی سەلەفی نووسراوەتەوە نەک پراکتیکی. بۆ نموونە، ئاژەڵ بەدڕندانەترین شێوە ئازار دەدرێت و ناو دەهێنرێت، گەر گوزارشت لەڕقێکی ئەستوور بەرانبەر بەکەسێک بکات دەڵێت: "هێندەی سەگێک ڕقم لێیەتی"، یان "ئەڵێی بەرازە"، هتد. بەپێچەوانەشەوە، ڕۆژئاوایەک کەزۆر برسی بێت یان ماندوو بێت دەڵێت: "هێندەی سەگێک برسیم یان ماندووم." واتە بە شێوەیەکی ئەرێیی بەکاری دەهێنێت. باوەڕ ناکەم لەبنەمادا ئەوەندەی ڕق و خۆخواردنەوە لە دەروونیدا حەشاردا بێت تا بۆ ناوێکی زۆر تایبهتمەند بگەڕێت بۆ گوزارشتکردن و ئاژەڵێک بکات بەقوربانی زمانێکی دڕندە، بەڵام لەنموونەی یەکەمدا بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانانە لەلایەکەوە گوزارشت لەمرۆڤێکی نیرۆتی، و لەلایەکی دییەوە، گوزارشت لە کەلتوورێکی بێ خۆشەویستی و ڕێز دەکات. ئەو کەلتوورانەی هەڵگری خۆشەویستین ڕێزی هەموو بوونەوەرەکان و هەموو گیاندارەکانی جیهان دەگرن و هەرگیز ئەو گیاندارانە ناکەن بەئامانجی دەربڕینی ناساغی دەروونی. هەڵگرانی خۆشەویستیش مۆراڵی تیوری و مۆراڵی پراکتیکیان یەکە. هەربۆیە لە رۆژئاوادا بەدەیان دەزگا بۆ مافی ئاژەڵ تێدەکۆشن و ئەوەندەی یاسا رۆژئاواییەکان بەها و مافی ئاژەڵیان خستووەتە نێو بەندە یاسایەکانیەوە. ئەوەندە یاسای رۆژهەڵاتی مافی مرۆڤی جێگیر نەکردووە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە بە قوربانیکردنی ئاژەڵ لە دەستەواژە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژئاواشدا 'لێرەدا بە دەستنیشانکراوی مەبەستم خوارووی ئەمەریکا واتە ئەمەریکا وکەنەدایە *' بوونی هەیە بۆ نموونە ئەگەر کاری زۆر کردبێت ئەڵێت 'کارم کردوە وەکو سەگ' لێرەدا ئەم دستەواژەیە بە شێوەی ئەرێی ' پۆزەتیف ' وەردەگیرێت، بەڵام دەستەواژەی دی وەکو بێچ 'Bitch' واتە سەگ، ڕێوی و گورگی مێ، هەندێ سەرچاوەی کەم وەکو بەچکە بەرازی مێ ش وەریانگێڕاوە. بە کوردی زیاتر ئەوترێت دێلە سەگ، دێلە گورگ و..تد. هەندێ ناوچە ئەڵێت دەڵە. هەر وەکو چۆن لە زمانی ئنگلیزیدا هەندێجار لە شەڕدا و تورەییدا بەرانبەر بە ژنێک بەکار ئەهێنرێت وپێ دوترێت 'بێچ' لە زمانی کوردیشدا زۆرجار لە قسەی ئاسایی و دۆخی ئاسایشدا پیاو بەرامبەر بە ژن بەکار ئەهێنێت، یان ژن بە ژنەکەی هاورێی، تەنانەت زۆرجار گوێمان لێ دەبێت دایک کچەکەی خۆی بە دێلە یان دەڵە سەگ، گورگ بانگ ئەکات. لە ڕۆژئاوادا ئەم دەستەواژەیە بۆ جنێودان بە پیاویش بەکاردەهێنرێت و بە یەکێک لە ڕەقترین دەستەواژەکان دەژمێردرێت، یان کە بە پیاوێک ئەڵێن' Son of Bitch ' کوڕی دێڵەسەگ، ئەم دوو دەستەواژەیە نەرێی 'نەگەتیڤ' ین و خێرا دەستە و یەخەد بە شەڕ دێت لە تەک جنێودەر. دەستەواژەی یەکەمیان کە 'بێچ' ە و بە ژن دەگوترێت بە دەگمەن بەرانبەر بە ژن بەکاردەهێنرێت. بەڵام دژی پیاوان زۆرتر بەکار ئەهێنرێت و تەنها لە ساتی گرژیدا بەکاردەهێنرێت، بۆ هەر پیاوێکیش ئەم جنێوە هێندە سەختە هێندەی'کوڕی قەحبەی' کولتووری کوردی کە بێگانە ئەو جنێوەی پێ ئەدات، گوێگر بە قورس وەریدەگرێت، دیارە باسی گوێگرێک ئەکەم کە کولتووری جنێودانی پێ شەرمە. بە گشتی ئەم دەستەواژانە لە ناو ڕۆژئاوادا زۆر کەم بەکار دەهێنرێت وە لە خوارووی ئەمەریکا سزای یاسایی لەسەرە گەر کەسێک جنێوەکە بگەیەنێت بە پۆلیس یان ڕێکخراوەکانی مافی ژن. جگە لەوەی لە کایەکانی مافی مرۆڤ، مافی ژنان، یاسا و دەزگا زمانیەوانیەکان هەوڵی بنبڕکردنی ئەدەن. لێرەدا پێویستە کاتێک لە هەبوونی کولتورێک لە ناو دوو میللەتێ جیاوازدا دەدوێین ژمارەی دانیشتوان و جیاوازی ئەتنییکە جیاوازەکانیش لەبەرچاو بگرین.

بەراوردێکی نا هاوسەنگە بۆ نموونە بڵێین لەبەرئەوەی ئەم جۆرە جنێو و دەستەواژە زمانەوانیانە لە وڵاتێکی سی ملیونی و کۆمەڵێک کە سێ سەد و پەنجا نەتەوەی جیاواز و ئاینی جیاوازی لە خۆگرتووە بەراورد بکەین بە چوار ملیون خەڵکی ئازادی کوردی سۆرانی قسەکەر کە ئێمە توانیومانە تێبینی مامەڵە زمانەوانی و ئاکاریان بکەین. منداڵ کە بێتاوانترین بوونەوەرە لە ژێر قورسیی تاوانی دەستەواژەکاندا دەبرێتە دەرەوەی سروشتی خۆی دەکرێت بە ئاژەڵ و گورگ و گیانەوەری کەم نرخ و بەهای تر لە مرۆڤ. ئەو کۆمەڵگەیانەی لەژێر کاریگەریەکی گەورەی سێکسوالیتێ دان و منداڵ لەئەنجامی پرۆسەیەکی سێکسیەوە هاتۆتە دنیاوە، بە بێ نرخ و بەهاش دەیبینن. و بەر لە دایک بوونی

## منداڵ کە بێتاوانترین بوونەوەرە لە ژێر قورسیی تاوانی دەستەواژەکاندا دەبرێتە دەرەوەی سروشتی خۆی، دەکرێت بە ئاژەڵ و گورگ و گیانەوەری کەم نرخ و بەهای تر لە مرۆڤ...

منداڵ هیچ پلان و هۆشیاریەک لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و گەشەسەندنی سایکۆلۆژی منالەکە نابێت بە غەمی دایک و باوک. بەڵکو هێندە بە بێزارییەوە مامەڵە لە تەک منداڵدا ئەکرێت بە ئاشکرا دەرئەکەوێت ئەو بوونەوەرە تەنها دەرئەنجامی پرۆسەیەکی سێکسییە و بە ناهۆشیاری ڕێگەگرتن لە منال بوون هاتوەتە ژیانەوە، نەک ژیاندۆستی و بیرکردنەوە لە دروستکردنی خێزان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە. گەرچی دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین زۆربەی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانیش لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا سەرچاوەکەی ڕازیکردنی دەورووبەر و چەپاندنی سێکسیە. ئەو بوونەوەرەی ناوی منداڵە کە دەگات بە سەردەمی لاویش، دیسان خاوەنی شوناسنامەی خۆی نییە و شتێک نییە بە دنیای لاوێتییەوە ببیبەستێتەوە، وەکو لاسییکردنەوەی یاریەکانی منالی و ماڵە باجێنەکان، دیسان دەکەوێتە لاساییکردنەوەی گەورەکان لە فۆرمێکی دیکەدا. بەڵام لەم قۆناغەدا کولتووری زمانەوانێکە دەمێکە لە نەست و سایکۆلۆژیایی هەردوو ڕەگەزدا جێگیر بووە، بە جیاوازیەکی کەمتری توخمێک بەرانبەر بە توخمێکی دیکە. ئەو جیاوازییەی مێینە هەر لەو بێ بەهاییەدا دەهێڵێتەوە، چونکە لە گۆشەنیگای ئەوانەوە ئامرازێکی سێکسە، بەڵام نێر لە لاویدا بەهای بۆ دەگێڕدرێتەوە چونکەئامانجی سێکسە. لەوێوە جیاوازییە جەندەریەکان دەبن بەزمانێکی ساتۆر ئاسا و جەستەی ئەخلاق و واتایان پێ لەت دەکرێت. ئەم جیاوازییانە دەبن بەدەنگێک کە پابەندی تێگەشتن نییە لەواتای ئەخلاقی و شوناسی کۆمەڵایەتیدا. لەلایەکی ترەوە لە ڕۆژئاوادا پرسینی مەسەلە تایبەتمەندەکان فۆرمێکی بێزراو و شەرمهێنەرە بەتایبەت مەسەلەی تەمەن و مووچە و تایبەتمەندیە زۆر کەسیەکانی تر، وەکو مەسەلەی پەیوەندی و خۆشەویستی، ئەمانە لە پرسی زۆر کەسین و دەستێوەردان و لووت ژەندن لەم جۆرە تایبتمەندیە پێویستە شەرم هێنەر بێت بۆ پرسیارکەر بەر لە پرسیار لێکراو، پرسەکانی ئەوان لەسەر کەسێتی مرۆڤە، نەک فاکتەرە کەسیەکانی. کەسیەتیش کۆمەڵێکی فاکتەری زۆرە، نەک تەنها ڕێژەی مووچەکەی و چیەتی کارەکەی. پرس لەوەدایە کە ئایا ئاستی مرۆڤایەتی کەسەک چەندە، نەک تەمەنی چەندە، پرسی تەمەن تەنها کاتێک دێتە ئاراوە کە ژنێک و پیاوێک چەند جارێک یەکیان بینبێت و بڕیاری پەیوەندی ڕۆمانس و بەیەکەوە بوون بدەن، دیارە زۆربەی کات لەم دۆخەشدا هەر نابێت بە پرس، بەڵام لە ناو کورددا ئەم جۆرە پرس و دەستێوەردانە لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەوەندە دوور لە ئاکاری مرۆیی بوونی هەیە کە زۆرترین دووفاقی پێکەوە ژیان و کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست کردووین. ئەمە تەنها لە ناو کوردستاندا بەرجەستە نەکراوە، بەڵکو بە دەگمەن ئەو کورددانەش لە ڕۆژئاوا ئەژین توانیویانە لە لایەنە جوانەکان کەڵک وەربگرن و کولتوورە بێزراو و دەستەواژە نابەجێ سواوەکان فڕی بدەنە دەرەوەی ژیانی خۆیان.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



## دنیا دوای ١١ ی سێپتەمبەر

# "جیهانی شارستانی" لەکوێدایە، بەربەرییەت حەتمی نییە

نووسینی: مەنسوری حیکمەت

**تێبینی: ئەم بابەتە بەشی دووەمی وتارێکی درێژترە لە ژێر ناوی جەنگی تیرۆریستەکاندا، کە بە دوای ڕووداوی ١١ سێبتەمبەردا نووسراوە...**

جەنگی تیرۆریستەکان دەتوانێ سەرەتای یەکێک لە خویناویترین سەردەمەکانی میژووی هاوچەرخ بێت. هەرئێستاش ملیونەها ئینسان هەناسە سوار بووە. بەڵام ئەم ئاسۆیە حەتمی نییە. گوڕەپانەکە تەنها بە دوو لایەنی کیشمەکیشەکە بەرتەسک نابیتەوە. هێزیکی سێیەم، دێویێکی نووستوو، لە ئارادایە کە دەتوانی ئەوزاعەکە بگورێت. ئەگەر ئەم دێوە لەخەو هەستیت، ئەم سەردەمە دەتوانی سەرەتای دەستپیکردنی گۆڕانکارییەکی ئیجابی و وەدیهینانی ئەو ئامانجانە بێت لە جیهاندا کە مروڤایەتی لە دەیەکانی کوتایی سەدەی بیستەمدا لێی بێئومید ببوو. بۆش و بلەرو خامەنەیی، ئەمریکاو ناتۆ و ئیسلامی سیاسی، ئەوە نازانن کە بەراستی بەشەرییەتێکی شارستانی، جیهانیکی شارستانی، وجودی هەیە کە رەنگە لەم نێوەدا لەخەو راپەریت و لەبەرامبەر جەنگی تیرۆریستەکاندا بەرگری لەخۆی بکات. سەرباری ئەم هەموو تاریکییەو مەترسییەک کە لەبەرامبەر ئێمەی خەڵکدا دایان ناوە، سەدەی بیست و یەکەم دەتوانی سەدەی بەربەرییەتی کاپیتالیستی نەبیت. ئەم ڕوژانە، ڕوژانێکی چارەنووسسازن.

میدیاکان ڕوخساری ئایدۆلوژی و مەعنەوی راستەقینەی جیهان نیشان نادەن. بۆچوونی خویان دەڵێن، بۆچوونی زاڵ، بۆچوونی چینی دەسەڵاتدار. بۆچوونێک کە بە کەڵکیان دێت. میلیتاریزم، تیروریزم، راسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینی و سودپەرستی، لەڕیزی پێشەوەی هەواڵەکاندان، بەڵام ئەمانە لە قوڵایی زەینی زوربەی خەڵکی سەردەمی ئێمەدا جێگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنیکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات کە جەماوەری فراوانی خەڵکی جیهان لە دەوڵەت و میدیاکان چەپترن، ئینساندوستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەڵکی لەهەردوو بەری ئەم کیشمەکیشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بورژوازی بەسەر خویاندا سوار بکەن. دەستەی فەرمانرەوای ملهوڕی ئەمریکا دەستبەجی بۆی دەرئەکەوی کە سەرباری یەکێک لە مەزنترین تاوانە تیروریستییەکان، سەرباری نمایشی زیندو و لەحزە بەلەحزەی لەلێدان کەوتنی دڵی هەزاران ئینسان، سەرباری ماتەم و ڕق وبێزارییەک کە هەرکەسیک کە ویژدانی بە بەرژەوەندییەک نەفروشتبێ دادەگرێت، هێشتاش هەر ئەم کومەڵگەی غەربە، هەر ئەم خەڵکەی کە هەموو ڕۆژێک مێشکی شۆردراوە، هەر ئەوانەی کە لەبەیانییەوە تا ئێوارە بە ڕاسیزم و دژایەتیکردنی بێگانە "دەرس" دەدرێن، خوازیاری خۆ بواردن، ئینساف، عەدالەت و کاردانەوەی ئەقلانی دەبن. خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەراست کە چ لەدنیای چەپەڵی نیو کەللەسەری خامەنەیەکان و خاتەمییەکان و مەلا محەمەد عومەرەکان و شیخە وردو درشتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیداو، چ لە ستۆدیۆ دیلوکسەکانی سی ئین ئین و بی بی سیدا ئوممەتی موتەعەسبی موسڵمان و ئەندامانی "شارستانیەتی ئیسلامی" وێنا دەکرێن، شانبەشانی خەڵکی ئەمریکا ماتەمبار دەبن و نارەزایەتی دەردەبڕن. دەرککردنی ئەوەی کە زوربەی خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەراست لە ئیسلامی سیاسی بێزارن، دەرککردنی ئەوەی کە بەشێکی زور فراوانی خەڵکی ئەوروپای غەربی و ئەمریکا لەدەستی ملهورییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەتەنگ هاتوون و خۆیان لەپاڵ خەڵکی مەحرومی فەلەستیندا دەبیننەوە، دەرککردنی ئەوەی کە زوربەی ئەم خەڵکە خوازیاری لابردنی گەمارۆی ئابووری سەر عێراقن و دەتوانن خویان بخەنە جێگای دایک و باوکە جەرگ سوتاوەکانی عێراق کە بێدەرمانی منالەکانیان بۆ باوەشی مەرگ دەبات، دەرککردنی ئەوەی کە ئەم جەماوەرە فراوانەی خەڵکی بەشەرەف و بەویژدانی جیهان لەم شەڕی بۆش و بن لادنەدا، ئەم دوو دۆستە قەدیمی و دوژمنەی ئەمرۆ، لەگەڵ هیچیاندا نین، هۆشێکی زۆری ناوێت. ئەم بەشەرییەتە شارستانییە لەژێر کەلاوەی پروپاگەندەو مێشک داشورین و توقاندندا لە غەرب و شەرق بێدەنگ کراون، بەڵام دەکرێ بەڕۆشنی ئەوە ببینرێت کە ئەم تەڵەکەبازییانەی قبووڵ نەکردووە. ئەمە هێزێکی مەزنە. دەتوانێ بێتە مەیدان. لەپیناوی ئایندەی بەشەرییەتدا دەبێ بێتە مەیدان.

هەموو دژواری کارەکە لێرەدایە. هێنانە مەیدانی ئەم هیزە مەزنە. لە جەنگی تیروریستەکاندا جەبهەکانی شەرەکە دیاری کراوە، ریزەکان لیک جیاکراوەتەوە، سەرچاوەو هیزەکان ئامادەکراون، ئەمە روبەروبوونەوەیەکی عەسکەری و سیاسی و دبلوماسی فراوانە، سەرباری هەموو ناروشنییەکان، بەڵام چوارچیوەی فیکری و سیاسی ئەم جەنگە بو سەرانی هەردوو ئوردوگاکە روشنە. بەڵام لە جەبهەی ئیمەدا، لە جەبهەی ئەو بەشەرییەتەدا کە دەبی لەبەرامبەر ئەم سیناریو سامناکەدا بوەستیتەوە، هەموو شتیک ناروشنە. گومان لەوەدا نییە کە ریزی مقاوەمەت لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا هەر لەئیستاوە لە ولاتانی جوراوجوردا پێکهاتووەو کەوتوتە هەڵسوڕان. بەڵام هەر بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامیستەکان و ئەمریکا پیویستیان بە تیوری و ستراتیجیکی روشن، بە لیکدانەوەیەکی هاوبەش و کارا هەیە، ئەم بزووتنەوە خەلکییەش پیویستی بە ئالایەکی فیکری و سیاسی و کومەڵە مەبادئیکی ستراتیجیی کارا هەیە. بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان، بەتایبەت لەنیو بالی چەپدا، لە ئایندەدا هەول دەدەن کە ئەم مقاوەمەتە ئاراستە بکەن و رابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن. پرسیارەکە لیرەدایە کە چ خەتێک بەسەر خودی ئەم "چەپ"ەدا زاڵە.

لە بەشی پیشوودا وتمان کە لەپال داڵەکانی هەردوو جەمسەردا، واتە میلیتاریستەکانی ئەمریکاو فاشیستەکانی ئیسلام، دوو لیکدانەوەی ئالوزترو پوختەترو "موحتەرەمانەتر"یش بو دیفاع لە هەردوولای ئەم کیشمەکیشە لەئارادایە. لە هاوشانی میلیتاریزمی ئەمریکادا کەسانیک هەن کە فورمولەی جەنگی شارستانیتی لەدژی تیرۆریزم جار ئەدەن. لە هاوشانی ئینسانکوژەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا، کەسانیک هەن کە تیرۆریزمی ئیسلامی بە "دژي-ئیمپریالیزم"ی میللي- دینی و جیهان سییەمی باوی دەیەی حەفتادا پاساو دەکەن. هیچ یەکیک لەم لیکدانەوانە لەبزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکیدا نفوزیکی جدی نابیت. حیزب و گروپەکانی راستی سەنتەر لە غەرب و پاشماوەی چەپی تەقلیدیی خویندکاریی- روشنفکریی دەیەکانی پیشوو لە غەرب و شەرقدا دەبنە مشتەری سەرەکی ئەم فورمولە ژیرانەترەی ئیعلامی جەنگی هەردوو لایەن. ئەوەی کە لەئاستی تیوری و سیاسیدا دەتوانی بزووتنەوەی ئایندەی خەلکی پیشرەوی جیهان بەلاریدا بەرێت، بەرای من هەلویستی پاسفیستی و هەوڵی عەبەسی لیبرالییە بو پاراستنی ئەم وەزعەی کە هەیە (تەنها بەرگرتن بە هیرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان) وەیان گیرانەوەی هەلومەرجەکە بو دۆخی پیشوو (پیش ١١ی سپتامبەر).

روداوی ١١ی سێبتەمبەر کردەوەیەکی شێتانەی بێ پێشنەی کەسانیکی دابراو لە دەروونی کومەلگە نەبوو. هەرچۆن کردەوەی عەسکەریی ئەمریکاش کە بەم زووانە روو ئەدات وا نەبوو. جیهان بەرلە ١١ی سێبتەمبەر لە هاوسەنگیدا نەبوو، بەلکو لە رەوتیکی گورانکاریی پاشەوپاشگەرانەوەدا بوو. کومەلیک گرفتی ئابووری و کومەلایەتی و سیاسی گرنگ لەپشتی ئەم ئەم رووداوانەوە هەیە. ئەم گرفتانەن کە جیهانیان بەم ئاراستەیەدا بردووە. ئەم گرفتانە دەبێ وەلام وەربگرنەوە. ١١ی سپتامبەر گۆشەیەکە لەوەلامی ئیسلامی سیاسی بەم هەلومەرجە. هەرچۆن هینانە سەرکاری

**میدیاکان ڕوخساری ئایدۆلوژی و مەعنەوی راستەقینەی جیهان نیشان نادەن. بۆچوونی خویان دەڵێن، بۆچوونی زاڵ، بۆچوونی چینی دەسەڵاتدار. بۆچوونێك كە بە كەڵكیان دێت. میلیتاریزم، تیروریزم، راسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینی و سودپەرستی، لەڕیزی پێشەوەی هەواڵەکاندان، بەڵام ئەمانە لە قوڵایی زەینی زوربەی خەڵکی سەردەمی ئێمەدا جێگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنیکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات کە جەماوەری فراوانی خەڵکی جیهان لە دەوڵەت و میدیاکان چەپترن، ئینساندوستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەڵکی لەهەردوو بەری ئەم کێشمەکێشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بورژوازی بەسەر خۆیاندا سوار بکەن.**

تالیبان، ویرانکردنی بەغداد، برسیکردنی خەلکی عیراق، تاساندنی خەلکی فەلەستین، بومبارانی بەلگرادو ئێستایش "جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم" گوشەیەکە لە وەلامی سەرانی سەرمایە لە ئەمریکاو ئەوروپا بەم کیشمەکیشانە. بزووتنەوەی خەلکی لەبەرامبەر هەلومەرجیکی وەهادا ناتوانی بزووتنەوەیەکی بانگەشەکەر بۆ ئارامی و "هێرش بوسەر ئەفغانستان قەدەغەیە" بێت. ئارامی و پاریزگاریکردن لە دوخی ئیستا نەتەنها عەمەلی نییە، نەتەنها خەیالپلاوییە، بەلکو نە عادیلانەیە، نەئازادیخوازانەو نە کارا. بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا تەنها دەتوانێ لەدەوری وەلامە ئیسباتییەکان بە گرفتە سیاسی و ئابوورییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئیمەو لەدەوری هەلویستیکی چوست و چالاک نەک بۆ پاریزگاریکردن لە دۆخی ئیستا، بەلکو بۆ گورینی دوخی ئیستا، ریکبخرێت. ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە بەم رووداوانە بەرجەستەبوونەوە، مەسەلەی باکورو باشوور، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی عیراق، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی ئەفغانستان و ئیران، مەسەلەی میلیتاریزم و زلهیزی ئەمریکاو ناتو لە سیستمی نویی جیهاندا، مەسەلەی راسیزم، مەسەلەی قەلای ئەوروپاو تاد بەرنامەکاری سەربەخوو وەلامی سەربەخۆی خومان بووە. هەر ئەمە دەبێ ببێتە بەرنامەکارو وەلامی بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. ئەمە جیاوازی ئیمەیە لەگەل ئارامیخوازی تالیبان و ئەو پاسیفیستانەی کە کەلێن و کێشمەکیش و نائارامییەکانی دنیای پیش ١١ی سپتامبەر نابینن، یان بەلایانەوە گرنگ نییە. ئەگەر ئیمە بەرلە هەموو ئەم رووداوانە بەرنامەیەکمان بو گورینی جیهان بووە، بناغەی هەلویستگیرییەکی مەبدەئی لە هەلومەرجی ئیستاشدا دەبێ بردنە پیشەوەی هەمان بەرنامەکار بیت لەم هەلومەرجە تازەیەدا. ئیمە بەنیازنین کە ئەفغانستان لەژیر دەستی باندی ئینسانکوژی تالیباندا بهیلینەوە، ئیمە بەنیاز نین لەسایەی دەسەلاتی ئەمریکای دەست بە مووشەکدا بژین، ئیمە بەنیاز نین ئیسلامی سیاسی و حکومەتە ئیسلامییەکانی خورهەلاتی ناوەراست تەحەمول بکەین، ئیمە بەنیاز نین بە بێ ولاتی خەلکی فەلەستین و سەرکوتی هەموو روژەیان رازی ببین. ئیمە تیروریزممان نەئەویست، چ ئیسلامی و ئینتحاری و چ لەلایەن سوپاو کەتافیەپوشەوە بیت، ئیمە ئەم هەژارییە لە نیوەی جیهاندا قبوولْ ناکەین، ئیمە سەربازگەی چوار دەورەی ئەوروپامان ناویت، ئیمە مل بە راسیزم و قەومپەرستی نادەین. نە تاوانکاریی ١١ی سپتامبەرو نە ئەو جیهادەی ناتۆ کە بەم زووانە لە هیندوکش رووئەدات، نابێ لە بزووتنەوەیەکی چوست وچالاک بو گورینی جیهان، ریزیکی خیرخوازو ئارامیخوازی بێ رەخنەو بێ ئەرک دروست بکات.

بزووتنەوەی "ئینساندوستانە"و ئاشتیخوازانە وەلامی هەلومەرجی ئەمرۆ ناداتەوە. بەلام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنیو خەلکی سادەی کومەلگەی غەربیدا، بەهۆی دژی زەبروزەنگی و ئینساندوستی و هەروەها محافەزەکاریی خۆبەخۆی خەلکەوە، زور فراوانە. هەلویستیکی بەم جورە دەخالەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان مەحکوم دەکات، بەلام لەبەرامبەر حوکمرانیی تالیباندا خوی بە بەرپرس نازانیت. خەلک هاندان لەدژی... موسلمانەکان و راسیزم مەحکوم دەکات، بەلام هۆیەک نابینی بو گوشاردانان لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکا بەقازانجی خەلکی فەلەستین. ئەم هەلویستە هیوای سەرکەوتن بو جاک ئەسترا ئەخوازی لە سەفەرەکەیدا (بو ئیران-وەرگیر) بۆئەوەی بەلکو ئەم کارە جەمسەری تیروریزمی ئیسلامی ئارام و جلەو بکات، جا با ئەمە حوکمرانی ئەم گورگانە بەسەر خەلکی ئیرانەوە سەقامگیر بکات، ئەم هەلویستە بەرگری لە مافە مەدەنییەکانی خەلکی موسلمانی ولاتانی غەربی دەکات، بەلام لەپیناوی نەهیشتنی بارگرژیدا، رەخنەگرتن لە حیجابی ئیسلامی و بیمافییەکانی ژنان لە ولاتە ئیسلامییەکان و ژینگە ئیسلامییەکان رەت دەکاتەوەو بەری پیدەگریت. ئەم هەلویستە هەموان بو مەیدان چولکردن و وازلیهینانی هەلومەرجەکە هەربەوشیوەیەی کەپیشتر هەبوو، بانگەواز دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەسەر زەین و کردەوەی خەلکی نارازیدا زال ببیت بەشەرییەتی شارستانی مەیدان بو تیروریستە غەربی و شەرقییەکان چولْ دەکات. ئەگەر بمانەوێ ئایندەیەک هەبێت، ئەوا بەندە بە پەیدابوونی بەرنامەکارێکی چالاک، ئازادیخوازانەو پێشرەوەوە لەریزی پیشەوەی خەلکیدا. ئەمە کاری کومونیستەکانی مارکسە. ئەمە کاری ئیمەیە.

لە بەشی داهاتوودا دەچمە سەر سەرخەتە گشتییەکانی بەرنامە کارێکی چالاک لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. بەڵام پیویستە بەکورتی ئاماژەیەک بو فەوریترین مەسەلەیەک بکەم کە ئەم روژانە لەئارادایە، واتە هیرشی ئەم زووانەی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان. ٩٩ لەسەدی خەلکی جیهان ئەوە دەزانن و دەتوانن بەروشنی ئەوە روونبکەنەوە کە بوچی هیرشی عەسکەریی ئەمریکا بوسەر ئەفغانستان و تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادنیش، کە ئامانجی راگەیەنراوی ئەم کردەوە سەربازیانەیەو لەرووی عەمەلییەوە زور نامۆحتەمەل دیتە بەرچاو، نەتەنها مەترسییەکانی تیروریزم لەدژی ئەمریکاو ئینگلتەرا کەم ناکاتەوە، بەلکو موجازەفەی کردەوە تیروریستییەکانی ئایندە زور زیاتر ئەکات. زور ئاشکرایە کە خودی دەولەتانی ئەمریکاو ئەنگلتەرا ئەم مەسەلەیە دەزانن. لیکدانەوەی رەسمیی غەرب بۆ مەسەلەکە لەچوارچیوەی ئەو لیکدانەوە هولیودی و جیمزباندییانەدایە کە وادیارە ئەوان پییان وایە دەرخوارد دانی ئەم جورە لیکدانەوانە بە خەلکی سادەترو خیراترە. ملیونیر یان گانگستەریکی شێت لە گوشەیەکی دوورە دەستی جیهاندا دەیەوی شارستانیتی نابوود بکات، سەدام، میلوسوفیچ، بن لادن، وە قارەمانانی ئەمریکایی بۆ نەجاتی مروفایەتی دەکەونە خۆ، بەلاّم لیکدانەوەکانی خویان نیشانی دەدات کە ئیسلامی سیاسی و تیروریزمی ئیسلامی یەک بارەگایەکی مەرکەزی و یەک فەرماندەیی هاوبەش و یەک ریکخراوەی هەرەمیی نییە، بزووتنەوەیەکی نیۆنەتەوەییە کە لە کومەلێک شانەو ریکخراوو تۆرو ناوەندی دەولەتیی پیکهاتووە کە بە کومەلێک پەیوەندیی رەسمی و نارەسمی، وەکو بزووتنەوەیەکی نهینی، بە کومەلیک داهینانی فراوانەوە لە ئاستی محەللیدا، پێکەوە بەستراون. بۆ غەرب، چوونە ناو ئەفغانستانەوە سەرەتای هەلمەتیکی عەسکەریی و سیاسی فراوانترە. دەستگیری یان کوشتنی بن لادن ئەو ئەنجامەی دەبیت کە لە ئاستی ناوخۆی ئەمریکادا لە فەورییەتی هەنگاوە عەسکەرییەکانی دواتر کەم بکاتەوەو ببیتە مسداقییەتیک بۆ "تولّەسەندنەوەی ئەمریکا"، کە ئەمەش دەتوانی فەزای نێوخۆی ئەمریکا تا پەلاماری تیروریستیی ئایندەی ئیسلامییەکان، وە تەنها تا ئەو کاتە، ئارام بکاتەوە. بەلام ئەمە هەنگاویکی بچووکە لە پروسەیەکی سیاسی و عەسکەریی فراوانتر لە خورهەلاتی ناوەراستدا کە مەودای کوتاییەکەی تاکو ئێستا رانەگەیەنراوە. لە دوا لیکدانەوەدا ئەمە هێز نیشاندانیکە بە ئیسلامی سیاسی. واتە بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانە کە غەرب خوی لە پەراویزی کومەلگەکانی خورهەلاتی ناوەراستدا هینایە ئاراوەو، بەمەبەستی روبەروبوونەوە لەگەل چەپ لە سیستمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم ولاتانەدا وە هەروەها وەکو گوشاریک بۆ سەر بلوکی شەرق ئەوانی هینایە سەرشانۆ. ئەم هیز نیشاندانە دەکری بە بەرتەسکی بمینیتەوە، بەلام بەتایبەت بەهۆی خەسلەتی ناموتەمەرکزی و توندرەویتی ئیسلامی سیاسی و تیروریزمی ئیسلامییەوە، بە ئیحتمالیکی زور بەرەو یەکلاییکردنەوەیەکی بنەرەتیتر بەکێش دەکریت. ئیسلامی سیاسی بەبی پشتیوانی غەرب ناتوانێ لە خورهەلاتی ناوەراستدا بمێنیتەوە. هەر بەمەندەی ئیستا، پەرەسەندنی نەبەردی عیلمانیەکان و ئیسلامیەکان لە پاکستان و کەوتنە حالّی پەیکەری نیوەگیانی خاتەمییەکان لە ئیران و پەرەسەندنەوەی دووبارەی کیشمەکیشی نیوان بالّەکان، بەلگەی ئەوەن کە نەبەردی غەب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا دەتوانێ ببیتە هەوینی گورانکارییەکی جدی لە هێز و هاوسەنگی نێوان فراکسیونەکانی بورژوایی لەم ولاتانەدا بەزیانی ئیسلامییەکان.

لەبەرامبەر خودی هیرشی ئەمەریکا بوسەر ئەفغانستان دەکری چی بلّێین. ئایا "دەست لە ئەفغانستان هەلگرن!" هەلویستیکی مەبدەئی و پیشرەوە؟ خەلکی ئەفغانستان و ئوپوزسیونەکەی شتیکی دیکەی جگە لەمەتان پیدەلّێن. ئاسۆی هەرەسی تالیبان، واتە باندیکی ئینسانکوژو دەلاّلێکی گەورەی ماددە بیهوشکەرەکان، هیزە سیاسییەکانی ئەفغانستانی خستوتە جوشوخروشیکی گەشبینانەوە. خواستی روخاندنی تالیبان خواستیکی ئینسانی و پیشرەوە. نابێ ریگابدریت دژایەتی بەرحەق و مەبدەئی لەگەل میلیتاریزمی ئەمریکادا بە ویلّکردنی ئەفغانستان لەژیردەستی تالیباندا رافەبکریت. ئەمە یەکیکە لە نموونە زیندووەکانی ناکافی بوون و نادروستبوونی ئارامیخوازی و دیفاع لە هەلومەرجیک کە لەئارادایە. خەلکی ئەفغانستان تەمەنیکە چاوەریی روژی هەرەسی تالیبانن. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ رزگارکردنی ئەفغانستان پێ نانێتە ئەم ولاتەوە. خویان تالیبانیان هێنایە سەرکار. ئەمجارە رەنگە لاوازی بکەن، بەلام وەکو ئەمری واقع بوونی قبوول بکەن. قەولیان بە موشەرەف داوە کە حکومەتی ئایندەی ئەفغانستان دیسانەوە جیگەی رەزامەندیی پاکستان بیت. قەرارە کومەلّێک جانەوەر لابەرن و هەر لەو قوماشە کەسانیکی دیکە لەجیگایان دابنین. هەلویستی مەبدەئی بەشداریکردنە لە هاوشانی ئوپوزسیونی پیشرەوی ئەفغانستان بۆ روخاندنی تالیبان لەجەرگەی هەلومەرجی ئیستاداو بەرقەرارکردنی دەولەتیکی هەلّبژێردراوی خەلکە لەم ولاتەدا. دەبی ئەمە بەسەر غەرب و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپینریت. هەرجورە هیرشیکی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوسەر خەلکی مەدەنی ئەفغانستان و روخاندنی شارو لادي و ژیرخان و ئامرازە ماددییەکانی ژیانیان دەبێ مەحکوم بکریت. هەرجورە بەندوبەستیک لەنیوان ئەمریکاو پاکستان و ئیران و باقی دەولەتاندا بۆ سەپاندنی دارودەستەیەکی تر بەسەر خەلکی ئەفغانستاندا مەحکومە. بەلام روخاندنی تالیبان لەلایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خۆی لەخویدا مەحکوم نییە. تالیبان دەولەتیکی مەشروع نییە لە ئەفغانستاندا. دەبێ بروخینریت. مەسەلەکە لەسەر ئەو دەولەتەیە کە لەجیگای دادەمەزریت، هەروەها زامنکردنی ئازادی و ئیمکانی عەمەلی دەخالەتی خەلکی ئەفغانستانە لە دیاریکردنی نیزامی سیاسی ئایندەی ئەم ولاتەدا.

**ئیسلامی سیاسی، واتە بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانە کە غەرب خۆی لە پەراویزی کومەڵگەکانی خورهەلاتی ناوەراستدا هێنایە ئاراوە، بەمەبەستی ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەپ لە سیستمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم وڵاتانەدا وە هەروەها وەکو گوشارێك بۆ سەر بلوکی شەرق ئەوانی هێنایە سەرشانۆ...**



# تیرۆر وە تیرۆریزم لە قۆناغی تێپەڕی مێژوویی ئەم سەردەمەی سەرمایەدا، نەریتێکی سیاسی چالاکی بورژوایی جیهانییە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ سامان کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، سەبارەت بە هەژدەهەمین ساڵیادی ١١ سێپتەمبەر

**بۆپێشەوە: هێرشی تیرۆریستی و خۆکوژی ١١ سێبتەمبەر... دنیای تەکانداو بواری کردەوە تا ئەمریکا ملهوری و باڵادەستی نیشانی دنیا و بەتاییبەتی رەقیبە جیهانیەکانی بداتەوە، تا چەندە ئەمریکا لەو پەیامەیدا سەرکەوتوو بوو؟**

**سامان کەریم:** ڕووداو و کردەوەی تیرۆریستی ١١ سێبتەمبەر، ڕووداوێکە تا ئێستا جێگای مشتومڕی فراوانە. لە ڕاستیدا شێواز و بە پراتیک دەرهێنانی کردەوەیەکی ئاوا زەبەلاحی تیرۆریستی لەلایەن چەند کەسێکی تیرۆریستەوە، بۆتە جێگای گومانێکی نەبڕاوە. پێم وایە ئەم مشتومڕە هێشتا درێژەی هەیە، وە دەبیبێت. لە دوا لێکدانەوەدا ١١ ی سێبتەمبەر بۆ ئەمریکا، دواخستنی پرۆژەیەکی گەورە بوو، دواکەوتنی هاتنە خوارەوەی پێگەی خۆی لە ئاستی جیهانیدا. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ئەمریکا لغاوی بەربوو، ڕۆژئاوا بەگشتی لاپەڕەی سپی بۆ واژو کرد. ئەم ڕووداوە، بیانوی دایە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا کە دووبارە لە ڕێگای زۆرەوە پرۆژە جیهانییەکەیان پیادە بکەن. ئەوکات واتە پێش ١١ سێبتەمبەر بە ساڵێک، سیاسەتی جیۆپۆلیتیکی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا، بەجێهێشتنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، لە ڕێگای پڕکردنەوەی بە وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی بەتاییبەتی بەریتانیا و ئیسڕائیل و هەروەها سەرو گوێکردنی کێشەی فەڵەستین-ئیسڕائیل بەجۆرێک کە وەک کێشەی گەورە لە ناوچەکەدا نەمێنیت. ئەوکات باس و لێکدانەوەکان و تەواوی کەمپینی هەڵبژاردنی جۆرج دەبلیو بۆش، جەختی دەکردەوە سەر ئەوەی کە ناوچەکە بەجێدەهێڵن و ئاڕاستەی سەرەکیان بەرەو باسفیکە، بۆ پێشگرتن بە تواناییەکان و گەشەی بەردەوامی وڵاتی چین کە ئەوکات هێشتا لە قوماتەکەی نەهاتبووە دەرەوە. ١١ی سێبتەمبەر ئەم ئەڵقەیەی پچڕاند و هێجگار زۆر دوای خست.

لە ڕوانگەی ئاڕاستەی سەرمایەوە لە ئاستی جیهانیدا، ئەم کردەوەیە زەرەبە بوو لە ئەمریکا، بەجیا لە لێدانە مەعنەوی و سیاسییەکەی، ئەمریکا فەشەلی گەورەی ستراتیژی کرد لە ئاستی جیهانیدا. ئەمڕۆ لە بەرانبەر ئەمریکادا لایەنی کەم ڕوسیا و چین و هیند و ئەڵمان هەیە، ئەوکات هیچیان نەبوون. باسی من ئەوە نییە، ئەگەر ئەو ڕووداوە نەبوایە، ڕێچکەی ڕووداوەکان بە قازانجی ئەمریکا دەبوو، بەڵکو باسی لێکدانەوەیەکی ئۆبژەکتیڤی ئەم ڕووداوەیە. ئەگەرچی بۆماوە کورت پێگەی ئەمریکا هەستایەوە، دەتوانین ساڵی ٢٠٠٦ دەست نیشان بکەین وەک سەرەتایەک بۆ داڕمانی هێواش و لەسەرخۆی ئەمریکا، واتە ئەو ڕووداوە ٥ ساڵ ئەمریکای ڕاگرت وەک ئەوەی جێگا خواستی بوو لە ڕوانگەی جیو-ستراتیژەوە، لە هەلومەرجێکی تێپەڕ" ئینتقالی" و توندپێچی تەواو جیهانیدا. بەم مانایە ئەوەی دەیویست دەیتوانی پیادەی بکات بەگشتی لە ئاستی جیهانیدا. لەم ساڵەدا واتە ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆشن بووەوە کە ئەمریکا ئیتر ناتوانێت ئەم گالیسکە جیهانییە بە تەنها ڕابکێشێت، ئەم لێکدانەوەیە لەلایەن بیرمەندانی ستراتیژیستی خۆیانەوە نیشان درا، کە ئەمریکا پێویستە خۆی کۆبکاتەوە، قۆناغی ١١ی سێبتەمەبەر بە کۆتایی خۆی گەیشتوە. مەبەستم ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتونە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە پەیوەند بە عێراقەوە. ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەیەکی گەورەبوو بۆ فەشەلی ئەمریکا لە عێراقدا. لە باسێکی فراواندا پێش ٣ ساڵ لە سەر ئەم ڕاپۆرتە نوسینم " ئەوکات باڵوێزی دیبلوماتیکی گشتی خانەنشینکراوی ئەمریکی دیفید نیومان لەسەر ئەم ڕاپورتە دەڵێت: ڕاپۆرتی بیکەر-هامیلتون وەک بەڵگەنامەی مردنی تێڕوانینی کۆنسێرڤەتیڤە تازەکان وایە لە عێراق کە بە مۆدیلێک دادەنرا بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا. وە بێدەنگ کردنی عەمەلی ئەو دەنگانەیە لەنێو ئیدارەی دەسەڵاتدارێتی ئەمریکادا)".//:http (www.swissinfo.ch/ara(پەتای تیرۆریزم و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی" تەموزی ٢٠١٦ /چاوی گەل).

١١ی سێبتەمبەر پەیام نەبوو، بەڵکو هێرشیکی هەمەلایەنەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و فکری و ڕۆشنبیری بوو، کردارێکی گەورەی جیهانی بوو، دروست بە گەورەیی گۆی زەویی و تەنانەت فەزای دەرەوەی گۆی زەوی. لە باری سیاسییەوە شکستی گەورەی خوارد و لەباری سەربازییەوە بەهەمان شێوە، ناچار بوو لە عیراق پاشەکشە بکات و لە ئەفغانستان هەر ئێسستا خەریکی دانوسان و هێنانەوەی ئەو هێزەیە" تاڵیبان" کە پێش ١٨ ساڵ لە ژێر ناوی " جەنگی دژی تیرۆردا" ڕوخاندی و وڵاتەکەشی کاولکرد. ئەم دانوسانەی هەر ئێستای نێوان " تاڵیبان "و ئەمریکا لە وڵاتی قەتەر، نیشانەیەکی ئاشکرای شکستی ستراتیژی و سیاسی و سەربازی ئەمریکایە، لە ئاستی ناوچەکە و بە دیاریکراوی لە ئەفغانستاندا.

قۆناغی ئەمرۆی کۆمەڵگەی بەشەری، قۆناغیکی تێپەڕ و توندپێچێکی پان وپۆڕ و بەداخەوە درێژخایەنە. لە هەلومەرجێکی وادا وەڵامی پرسیارەکەی ئیوەی خۆشەویست، بە " بەڵێ" یان " نەخێر" نادرێتەوە، بەڵکو چەند ئاراستە و چەند لایەنەیە، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد. دەتوانین بلێین کە ١١ی سێبتەمبەر بۆ وڵاتی چین چەخماخەی لێدانی سیاسەتی جیو-ستراتیژی بوو، بەتاییبەت دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیستی چین هاتنە مەیدانی گاپێکی گەورە بوو بۆ کایەکردن و ئازاد بوون لە ئابلوقەی سیاسی و ئابوری ئەمریکا. ئابلوقەیەک کە نادیار بوو، لەئاستی میدیا، بەڵام ڕۆشن لەئاستی ئاراستەی سەرمایە لەو سەردەمەدا.

بەگشتی پێگەی ئەمرۆی ئەمریکا و دابەزینی پێگەی لە ئاستی جیهانیدا، ئەڵقەیەکە لە زنجیرە ئەڵقەکانی مەیلی دابەزینی ئەم ئیمپراتۆڕییەی سەرمایە، کە بە دڵنیایەوە ١١ی سێبتەمبەر ئەڵقەیەکی سەرەکییەتی.

**بۆپێشەوە: روداوی ١١ سێبتەمبەر... لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا بە جەنگی تیرۆریستی نێوان تیرۆریزمی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی ناسراوە، لاتان وایە هیشتا دنیا لەهەمان بازنەی جەنگی تیرۆریستی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتیدایە؟**

**سامان کەریم:** نە ئەوکات و نە ئێستا جیهان لەو چوارچێوەیەدا نەبووە. ئەوە دارشتنێکی بورژواییانەیە بۆ کۆمەڵگە و بەتاییبەت بۆ پەکخستنی چینی کرێکارە لە ئاستی بیروڕاو ڕای گشتیدا. میدیا بەگشتی لەم نێوەدا ڕۆڵی کاریگەرو وێرانکەری سەرەکی هەبووە. مانای چییە " هێشتا جیهان لەهەمان بازنەی جەنگی ..." ؟ بازنەی سەرەکی هەموو دەزانن کە بازنەی کپکردن و چەپاندنی چینی کرێکارە بە شێوەیەکی ئەبەدی. ئەمە مەسەلەی سەرەکییە، ئەوکات وە ئێستا. بورژوایی لە ڕێگای بیرمەندان، ڕۆشنبیران و سیاسیەکانی و دەسەڵاتەکەیەوە هەمیشە ئەم ململانێ چینایەتییە لەسەر مێزەکەیەتی. ئەوان دەیانەوێت چوارچێوەی یاریەکە و یاری زانەکانیش دیاری بکەن بۆ کۆمەڵگەی بەشەری. لەم نێوەدا و لە ڕوانگەی بورژواییەوە، کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیزم، لە سوچێکی کش ماتدا وێنا دەکەن. درۆ ئەکەن بۆ ئەوەی بیری خۆیان بکەنە ڕاستی و کرێکارو خەڵک ڕازی بکەن بە لێکدانەوەی خۆیان، بە داخەوە تاڕادەیەکی زۆر کردویانە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بورژوایی قازانجی لە دیاردە و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆرەکەی کردوە. لە هەمان سەرچاوەدا، (پەتای تیرۆریزم و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی) دا نوسیومە" ئەگەر نا هەزار داعش و ماعشی خۆیان و دەیان وڵاتی گیرۆدە بە "ئاشوبی خەلاق" کۆسپێکی گەورە نییە بۆ ئەوان و لە ژێر کۆنترۆلدایە و پیشەسازی سەربازی و بزنسی ئەمنی زیاد دەکات و شانازی دەکەن بەوەی کە ڕێژەی فرۆشتنی چەکیان ئەوەندە نسیبەت بەرزبۆتەوە".

کۆمەڵگەی بەشەری، رای گشتی و چینی کرێکار ... هەموویان لە چوارچێوەیەکی ڕەش و سپیدا داناوە، گوایا جیهانی ئێمە شەڕی نێوان تیرۆریستە سپی و ڕەشەکانە. خۆیان بە سپی دەزانن و تیرۆریزمی وەک داعش و قاعیدە بە ڕەش و قاچاغ. ئەم لێکدانەوەیە تاسەر بورژوایی و درۆزنانەیە. ڕوداوەکانی ئەمڕۆ وە تەنانەت قسە و هەڵسوکەوت و تویتەکانی ترامپ سەرۆکی ئەمریکا بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە ململانێ و کێبەرکێ، نەک لەگەڵ قاعیدە و داعشدا، بەڵکو لە نێوان ئەمریکا و لەگەڵ چین و ڕوسیا و ئەڵمان و هند و وڵاتانی دیکەدایە. لە سەر چییە؟! لەسەر دابەشکردنەوەی جیهانی ئەمرۆیە، سەروەت و سامانی کۆمەلگەی بەشەری کە بە خوێن و ماندوبونی ملیارەها کرێکار لە ئاستی جیهانیدا فەراهەم بوە. سەرنج بدەنە ململانێی قوڵ و لەڕاستیدا توند وە ترسناکی نێوان چین و ئەمریکا لە ململانێ "بازرگانیەوە" بگرە تا دەگاتە ململانێی فراوانتری ئابوری و سنور و سەربازی و فەزایی. لەسەر مێزی هەموو ئەو وڵاتانە لە چینەوە بگرە تا دەگاتە ڕوسیاو ئەمریکاو ئەڵمان... لە دوا لێکدانەوەدا، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن چینی کرێکار بێدەنگ بکەن لە سایەی بێکاری و نەبونیدا، لەسایەی گەشەی تەکنۆلۆژی و تەکنۆلۆژی زیرەکدا؟! وە تەنانەت چۆن کرێی کرێکاران، لە

**بەگشتی پێگەی ئەمرۆی ئەمریکا و دابەزینی پێگەی لە ئاستی جیهانیدا، ئەڵقەیەکە لە زنجیرە ئەڵقەکانی مەیلی دابەزینی ئەم ئیمپراتۆڕییەی سەرمایە، کە بە دڵنیایەوە ١١ی سێبتەمبەر ئەڵقەیەکی سەرەکییەتی...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**ئەمڕۆ ئەمریکا نەك تەنها تیرۆریزمی دەوڵەتی پیادە دەکات و دەیەوێت ڕۆڵی پۆلیسی دنیا ببینێت" کە ناتوانێت" بەڵکو لەوە زیاتر کۆمەك و پشتوانی دەكات لە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وەك بکەرێکی کارا دژ بە نەیارانی ناوچەیی و جیهانی بەکاردەهێنێت...**

پرۆسێسێکی لەسەرخۆدا یەک کاسە بکەن لە ئاستی جیهانیدا.

بە جیا لەو ڕاستییە مێژووییەی سەرەوە، ئێستا بۆ هەموو کەس ڕۆشنە، کە بەشی تیرۆریزمی غەیرە دەوڵەتی زادە و بەرهەمی تیرۆریزمی دەوڵەتی خۆیەتی. واتە لە ڕەحمدانی بورژوایی و دەسەڵاتەکەی هاتۆتە دەرەوە و ئەمرۆ ئەمریکاو فەرەنسا و تورکیا و بەریتانیا بە ئاشکرا لە سوریا ئەو تیرۆریستانە دەپارێزن. هەروەها هەموو کەس دان پیانانەکانی هیلاری کلینتۆن و خودی ترامپی بیستووە سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخراو و گروپە تیرۆریستییەکان. لە قۆناغی تێپەڕی ئەم سەردەمەدا، بورژوایی جیهانی هەم مافی مرۆڤەکەی دانا، وە هەم ناوەرۆکی دیموکراتیەکەی. دەرکەوت کە دیموکراسی ئەمریکی و ڕۆژئاوا دوا هەناسە دەدەن، و پەیوەندی نییە بە ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکەوە. دەرکەوت ئەو ئازادی و خۆشگوزەرانییەی کە خەلکی ڕۆژئاوا بەهرەمەندن لێی، بەری ڕەنجی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکار و شۆرش و ڕاپەڕینەکانیەتی و سەپاوە بەسەر چینی بورژواییدا. بورژوایی جیهانی لە هەر کوێ بێت یەک بەهای هەیە ئەویش " قازانجە".

بۆیە ئەم سەردەمە لە غیابی بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکاردا، بورژوایی و دەسەڵاتەکەی بە چەپ و ڕاستەوە زۆر سادە، ئەو بەهایانەی کە گوایا بە گشتی "ڕۆژئاوایین" نەک دەستکەوتی چینی کرێکار، خۆی ژێر پێی دەخات. لەمبارەوە من لە وتاری " داڕوخانی ڕۆژئاوا و پێگەی چینی کرێکار " کە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبۆتەوە، ئەم باسەم ڕۆشنکردۆتەوە.

**بۆپێشەوە: دوای ڕوداوی تیرۆریستی ١١ سێبتەمبەر، ئەمریکا جەنگی دژە تیرۆری ڕاگەیاند، کەچی داوی ١٨ ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا دنیا نوقمی تیرۆریزمە، هۆکاری بەردەوامی ئەم جەنگ و تیرۆریزمە چییە؟ چۆن دەکرێت بەری پێبگیرێت؟**

**سامان کەریم:** بەسادەیی هۆکاری ئەم ململانێ تیرۆریستەی نێوان باڵەکانی بورژوایی بە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەوە، ئامادەنەبوونی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکارە وەک هێزیکی سیاسی. لەوانەیە وەلامێکی ئاوەها گشتی سەرنج ڕاکێش یان جێگای ڕەزامەندی زۆربە نەبێت، بەڵام ئەوە ڕاستی و ناوەڕۆکی وەڵامەکەیە. وردتر لەسە ئەم بابەتە دەچین.

١١ی سێبتەمبەر، بە هەموو پێوانەیەک ڕوداوێکی تیرۆریستی ئاسایی نەبوو. پێدەچیت تیرۆریستەکان "حۆری شاز"یان بۆ دانرابێت لە وێنایەک کە لە ئیمەیجی خۆیاندا نەخشاندویانە بۆ ئەنجامی کارێکی وا گەورە. مەبەستم ئەوەیە ئەوانیش، واتە تیرۆریستەکان بێ بەرانبەر کارێکی ئاوەها گەورە پیادە ناکەن، بەڵکو ئامانجیانە بەخشیشێکی گەورە وەرگرن. لە جیهانی سەرمایەداریدا هیچ شتێک بە خۆڕایی نییە. لەبەرانبەر باڵا دەستی و بێ وەفایی ئەمریکا لە بەرانبەر تیرۆریستە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان و دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت... کێبەرکێیەکی جیهانی دەست پێدەکات لە نێوان ئیسلامی سیاسی بەرابەری ئەلقاعیدە و بن لادن و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە. کێبەرکێیەک کە پراگماتیزمی سیاسی ئەمریکا دەباتە کەشکەلانی فەلەک. ئەوکات ئەمریکا تاک جەمسەر و ڕابەری جیهانی بوو، ئامانجی ئەوە بوو کە ئەرشیفی مێژوویی خۆی بسڕێتەوە لەم هێزە بورژواییە تیرۆریستانە، بەڵام ئەم ئاڕاستە سیاسییە هەرگیز ئاڕاستەیەکی پایەدار و سەرەکی سیاسەتی ئەمریکا نەبوە. باسەکە هەر ئەوە نەبوو کە ئیسلامی سیاسی لاواز بکات و لە چوارچێوەی ئامانجی خۆیدا بیگونجێت، بەڵکو لەوە گرینگتر جێخستنی ئیسلام بوو وەک ئامانج و نەریت و پراتیکی ڕۆژانە لە ئاستی فراوانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب و تەنانەت ئاسیای ناوەڕاست و دواتر جێخستنی لە ئاستی جیهانیدا وەک پایەیەکی فکری و نەریتێکی جیهانی لە ئاستی ڕای گشتیدا. ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بوو. لەمبارەوە ڕێنوێنیەکانی سامۆئیل هانتینگتۆن سەبارەت بە پێکدادانی شارستانییەکان، ئاسۆی سیاسی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بوو. ئەمرۆ بیر و ئاسۆ و نەریتی ئیسلامی لە ئاستی جیهانیدا، پایەیەکە لە پایەکانی بیروڕای گشتی و نەریتێکی جیهانی فراوان.

ئەم جەنگە تیرۆریستییە بە شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر تا ئێستا درێژەی هەیە. ئەوکات ئەلقاعیدە هەبوو، ئێستا دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی لەو چەشنە بوونی هەیە لە داعشەوە تا نەسرە و تا حزبی ترکستانی ئایگۆری چینی کە ئێستا لە سوریا لە دەوروبەری ئەدلب چالاکن. جەنگی تیرۆریستی درێژەی هەیە، چونکە بورژوایی جیهانی بە ڕابەری ئەمریکا تیرۆریزمی غەیرە دەوڵەتی کردۆتە نەریتێکی سیاسی و سەربازی و بیری تیرۆر و خۆتەقاندنەوەی کردۆتە پراتیکی بەرچاو و بەربڵاو لە ڕێگای ئیمەجی ئیسلامی سیاسی و دوارۆژێکی خۆش بۆ ئینسان و بەهرەمەند بوون لە فردەوس" بەهەشت". ئەمڕۆ ئەمریکا نەک تەنها تیرۆریزمی دەوڵەتی پیادە دەکات و دەیەوێت ڕۆڵی پۆلیسی دنیا ببینێت" کە ناتوانێت" بەڵکو لەوە زیاتر کۆمەک و پشتوانی دەکات لە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وەک بکەرێکی کارا دژ بە نەیارانی ناوچەیی و جیهانی بەکاردەهێنێت. سەرنج بدەینە، سوریا، لیبیا، جەزائیر، یەمەن و ئەفغانستان، ئاسیای ناوەڕاست وچین، بەشێوەیەکی ڕۆشن ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت. تیرۆر وە تیرۆریزم لە قۆناغی تێپەڕی مێژوویی ئەم سەردەمەی سەرمایەدا، نەریتێکی سیاسی چالاکی بورژوایی جیهانییە. بەو پێیەی کە بوروژای و باڵە جیاوازەکانی کاراکتەری سەرەکی ململانێن لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان، بەهەمان ئەندازە ئەم نەریتە گەشەی کردووەوە فراوان بۆتەوە. تیرۆر وە تیرۆریزم پێدوایستییەکی ئەم قوناغی تێپەڕەی بورژوایی جیهانییە. سەرخانێکی سیاسی تەواوە بۆ بەجێگەیاندنی مۆدێلی یان شێوازی بازاڕی ئازاد لە ڕێگای ئاڕاستەی لیبرالیزمی نوێوە. واتە لیبرالیزمی نوێ پێویستی بە سەرخانی سیاسی خۆی هەیە. لە وڵاتانی جیهانی عەرەب و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەم چوارچێوەیان بۆ دارشتوە و لە ڕوانگەی منەوە بە ئەنجام گەیشتووە. لەمبارەوە سەرنج بدەنە پەرتوکی" کۆمۆنیزمی هاوچەرخ و سەردەمی ڕێنیسانس. چاپی یەکەم ٢٠١٩" .

چۆن دەکرێ بەر بە تیرۆریزم بگیرێت؟!. تەوەرەی سەرەکی هاتنە مەیدانی چینی کرێکارە وەک هێزێکی سیاسی. بێ بوونی هیزی چینایەتی کرێکار وەک هێزێکی سیاسی، هەوڵدان بۆ هاتنە مەیدانی بەرەی موتەمەدنی دونیا ئیتر خۆشباوەرییە. بەرەی موتەمەدنی دونیا کاتێک دووبارە سەربەرز دەکاتەوە کە لەپێشەوەی چینی کرێکار وەستا بێت وەک چینێک. ئەم کارە کارێکی کۆمەڵایەتی هێجگار گەورەیە، بەڵام لەباری واقعییەوە ڕێگای دیکە بوونی نییە. ڕۆشنە کە کارێکی ئاوەها پێویستی بە حزبی مارکسستی و جەسور و شۆڕشگێرە.

بوونی هێزێکی ڕێکخراوی کرێکاریی کە بەهرەمەند بێت لە پایەی کۆمەڵایەتی لەهەر ناوچە و وڵاتێکدا، کۆمەکی گەورە دەکات بەم پڕۆسە و سیاسەتە. ڕوخانی شۆڕشگێڕانەی هەر وڵاتێکی بورژوایی بە ڕابەری چینی کرێکار و حزبی مارکسستی خۆی گەورەترین کۆمەک دەکات بە کۆتایی هاتن و بەرگرتن بە جەنگی تیرۆریستی، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

هەروەها، پێویستمان بە هەڵوێستی کلاسیکیانەی کۆمۆنیزمی مارکسە سەبارەت بە جەنگی ئەمریکاو جەنگی نێوان جەمسەرە جیهانییەکان. جا با جەنگەکە دژ بە وڵاتێکی ئیسلامی بێت. هەلوێستی کۆمۆنیستی لە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارەوە، دژ بە سەرمایەو سەرمایەداری سەرنج دەداتە ئەم هێرش و جەنگانە، نەک لە ڕوانگەی دژی ئیسلامی سیاسییەوە. هەر یەک لەم شەرانە، بەرەیەکە لە جەنگێکی جیهانی گەورەتر.

پێویستە بۆ کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە و کەمدەرامەت، ڕۆشن بکرێتەوە کە هێرش و پەلاماری ئەمریکا، هەراو وهوریای جەنگی و بوونی بنکە سەربازی و کەشتییە فرۆکە هەڵگرەکانی، ڕیکلام و پڕوپاگەندەکانی لە پەیوەند بە دژی دیکتاتۆری و دژی تیرۆر و لە پێناو " مافی مرۆڤ".... هەموو ئەوانە مانشێتی سیاسەتی مانەوەی ئەمریکایە لە ناوچە جیاوازەکاندا و ژیان و گوزەرانی خەڵک بەرەو هەڵدێری زیاتر دەبات. پێویستە بناغەی سیاسی و ئابوری ئەم ئاراستەی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕۆشن بۆ خەڵک ڕۆشن بکرێتەوە.

پێویستە ناوەرۆکی ڕۆڵی وڵاتانی دیکە بەتایبەت وڵاتانی زلهێزی وەک ڕوسیا و چین کە دژ بە تیرۆر دەجەنگن ڕۆشن بکرێتەوە. پێویستە جەنگی هەمەلایەنەی جیهانی نێوان زلهێزەکان لە پێناو دووبارە دابەشکردنەوەی جیهاندا بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕۆشن بکرێتەوە.

پێویستە ڕووبەڕووی سیاسەت و ئاراستەی مالتیکاڵچەریزم- فرە کلتوری- ببینەوە. ئاڕاستەیەک کۆمەڵگای بەشەری بەسەر ئاین و نەتەوە و تائیفەی ئاینی و ڕەنگی پێستدا، دابەشکردوە بە پێی کلتوری هەر وڵات و ناوچە لە قالبی داون. ئەم کارە لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا هێجگار فەورییە. هەروەها وەستانەوە بەرانبەر بە تائیفەی سیاسی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتێکی وەک عیراقدا، ئەم پراتیکە هێجگار فەورییە....بەهێزکردنی سکولاریزم، بەڵام بەهێزکردنی سکولاریزم لە وڵاتانی وەک عێراقدا لە دوالێکدانەوەدا و وەک پایەکی بەهێز و جێکەوتووی کۆمەڵایەتی، گرێ دراوە بە هاتنە مەیدانی بزوتنەوەی کرێکارییەوە وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی.

هەموو ئەو کار و پراتیکە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەرەوە باسکران، بێ بوونی مەناخێکی سیاسی وفکری کۆمەلایەتی بۆ کۆمۆنیزم و حزبەکەی، فەراهەم نابێت. کارێکی دەستبەجێ لەم نێوەدا، خەباتە فکری و سیاسییە دژ بە ئیسلامی سیاسی، دژ بە مەرجەع و بیرمەندانی گەورەی ئیسلامی سیاسی. ئیسلامی سیاسی بەهەموو باڵ و ڕەوت و ڕیکخراوە جیاوازەکانیەوە، وەک بزوتنەوەیەکی فراوان و گەورەی کۆمەڵایەتی، سەرخانی فکری و سیاسی لیبرالیزمی نوێیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب. لەم هەلومەرجە تێپەڕەدا بورژوایی جیهانی و ئیسلامی سیاسی ناتوانن بێ تیرۆر وە تیرۆریزم سیاسەتەکانیان بەرنە پێشەوە.

بەکورتی ناوەرۆکی ڕوبەڕووبونەوەکە چینایەتییە، دوو بەرەی چینایەتی تەواو جیاواز، لە جەنگێکی هەمەلایەنەدا و لەبەرەکانی شەڕی چینایەتی جیاوازادان. کرێکاران وەک چینێک، تەنها بە ڕێکخراوبوون بەدەوری ئاسۆی شۆرشی کرێکارییدا، دەتوانن ڕوبەڕووی هەموو ئاستەنگی و ڕێگرییەکانی بەردەم شۆڕشەکەیان ببنەوە. تیرۆر وە تیرۆریزم لە ڕوانگەی چینایەتییەوە، ڕێگریەکی گەورەی بەردەم شۆرشی کرێکارییە.

**١١سێبتەمبەر٢٠١٩**

بۆپێشەوە FORWARD



# تیرۆر دیاردەیەکی سەیروسەمەرە و نامۆ نییە بەم سیستەمە و بەرهەمی کێبڕکێ و ململانێی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی وڵاتان بووە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ کارزان عەزیز کادری کۆمۆنیست، سەبارەت بە هەژدەهەمین ساڵیادی ١١ سێپتەمبەر

کادری سۆسیالیستی

**بۆپێشەوە: دوای ڕووداوی تیرۆریستی ١١ سێپتەمبەر، ئەمریکا چەندین وڵاتی وەکو میحوەری شەر ناساند و هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و عێراق... ئەم هێرشانە و گۆڕینی ڕژێمەکانیان، چ کاریگەیەکی لەسەر تیرۆریزم و ڕەوتە تیرۆریستەکان دانا؟**

**کارزان عەزیز:** دابەشکردنی جیهان بەسەر بەرەی شەیتان و فریشتە یان باش و خراپدا ( good and evil) لە 11ی سێپتەمبەردا پرسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە عەقڵانییەت و بەرژەوەندیی سەرمایەداری و بەرژەوەندیی ئیمپریالیی سەرمایەی ئەمریکییەوە هەبووە و هەیە. زۆرێک ئەم پرسە بۆ کێشمەکێشمی ئاینی و ڕەگەزپەرستی و تیۆری موئامەرە و هیتر کورت دەکەنەوە، بەڵام سەرجەمی ئەمانە پەیوەندییان بە کورتبینی جیهانبینییەکی زانستیی ئابوری-سیاسییەوە هەیە لەبارەی پرسەکەوە؛ کە پێموایە پاشەکشەی چەپ بە گشتی و بە تایبەت لە دوای کەوتنی دیواری بەرلین و سۆڤیەتەوە کە هۆکارێکی گەورەی دەستئاوەڵابوونی زیاتری سەرمایەداریی ئەمریکی بوو، ڕێگاخۆشکەری ئەم تیرۆریزمە نوێیە بوو. لە کاتێکدا، خودی تیرۆر دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام ناوڵێنانێکی نوێیە، ئەگەرنا سیستمی سەرمایەداری هەمیشە ناسەقامگیری و جەنگی بەرهەمهێناوە. خودی هاتنی ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکانی و هێنانی جەنگ و کاولکاریی بۆ ئەم ناوچانە

لە پاشکشەی چەپ و بزووتنەوەی پرۆلیتاریدا لە جیهاندا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بەرەو سیاسەت و هەیمەنەی بۆرژوازیی و ئیمپریالی سەردەکێشن، ئیتر ئەمە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا بێت یاخود بە

ئەفغانستان و عێراق، بوون بە ڕاستی. پەلامارە تیرۆریستییەکەی 11ی سێپتەمبەریش سەرباری ئەوەی زۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە، بەڵام یەکێکە لە ناڕوونترین ڕووداوەکان و ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەمریکی بەرپرس لەو



**جیهانی ئێستا جیهانی دوای 11ی سێپتەمبەر نییە و تیرۆر چیتر ئەو ڕۆڵ و ناوە گەورەی نەماوە. ئەوەی کە پێشتر وادادەنرا جیهان بەهۆی تیرۆریزمەوە بەرەو دابەشبوون دەچێت، تەنیا تێزێک بوو کە بۆ چەند ساڵێک کاری کرد و بۆ ئێستا هیچ کەڵکێکیان نییە لەبەرئەوەی پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی بۆرژوازی و قەیرانەکان و شکڵپێدانەکەی لە قەیرانی قوڵتردان و شکڵی نوێیان بە خۆیانەوە گرتووە...**

تیرۆر و تۆقاندنی گەورە بوون. هەردوو تیۆریستی بۆرژوازیی فۆکویاما و هێنگتنتۆن، ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانی ئەو کات بە دوو تێزی ئایدۆلۆژی و دواکەتووانە لێکدەدەنەوە کە بریتی بوون لە تێزەکانی کۆتایی مێژوو و بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان کە بە تەواوی پاڵپشتی بوون بۆ ئاڵوگۆڕەکان لەبەرژەوەندیی بۆرژوازییدا. کۆی تێزەکان لەوە بەدەرن بتوانن پێمان بڵێن کە خودی سەرمایەداری لەچی قەیرانێکی گەورەدایە کە خۆشبەختانە زۆر دەمێکە قەیرانە گەورە یەک لە دوای یەکەکانی سەرمایەداری خۆی تێزەکانیانی بە هەڵەخستەوە. هەر ئەم ئایدۆلۆژیا بۆرژوا ئیمپریالییەیە لە پشتی جۆرج بۆش و هێنگتنتۆنەوەیە کە جیهان بۆ بەرداش و بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان کورت دەکەنەوە. بە جۆرێکی تر، جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری لە ئاستی شکڵدا بەسەردا هاتووە و چیتر بەو تێزە کۆنانە ناخوێندرێنەوە.

سیاسەتەکانی فەندەمێنتالیستەکانی ئەفغانستان و ئەلقاعیدە بێت. بەڕاستی سەرهەڵدانی ئەم فەندەمێنتالیزمە هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەمریکا تا بتوانێت کۆمەڵێک وڵات و ناوچە لە ڕۆژهەڵاتدا بە مەترسی لەسەر خۆی لەقەڵەم بدات؛ کە هەر ئەمریکا خۆی بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتاکاندا لە پشتی گەشەی فەندەمێنتالیزمەوە بوو دژ بە بەرەی سۆڤێت لە ئەفغانستاندا لەلایەن جیهادییەکانەوە کە ڕاستەوخۆ **سی ئای ئەی** لە دەستی دروستکردنیدا هەبوو. بە مانایەکی **تر**، تیرۆر دیاردەیەکی سەیروسەمەرە و نامۆ نییە بەم سیستەمە و بەرهەمی کێبڕکێ و ململانێی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی وڵاتان بووە. جەنگی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عێراقیش لەسەر بنەمای بوونی چەکی کۆمەڵکوژ بوو کە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی فریودەرانە و میدیایی نەبێت هیچی تر نەبوو. هەر لەوێشەوە بوو کە ڕەوایەتی هێرش و پەلامارە دڕندانەکانی ئەمریکا بۆ سەر

ڕووداوە خۆی ئەم ناڕوونییە پشتراست دەکاتەوە. بەڵام هێشتا دوای کەوتنی زۆرێک لەو وڵاتانەشی کە ئەمریکا بە سەرچاوەی تیرۆریزمی دادەنان لە ڕۆژهەڵاتدا، دوو شت لە ئێستادا زۆر ڕوونن: یەک، ئەوەی کە تیرۆریزمی ئەمریکی خۆی لە تیرۆریزمی قاعیدە و داعش گەورەترن لەسەر مرۆڤ و ئەمریکا خۆشی هۆکارێکی گەورەی دروستکردن و پاڵپشتییە لە تیرۆریستەکان لەوانە داعش. دوو، جەنگی دژبە تیرۆر، نەیتوانی پاشەکشە بە تیرۆریزم و فەندەمێنتالیزم بکات، بەڵکو گەشەشی پێکرد، چونکە لە جەوهەردا سیستمی سەرمایەداری خۆی بەرهەمی دەهێنێت. کە پێکرا ئەمانە وایانکرد کرێکاران زۆرتر بچەوسێنرێنەوە و خەباتی چینایەتی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بەهۆی تیرۆریزمەوە تا ڕادەیەک بەرتێتە دواوە. سەرئەنجام، هەیمەنەی دەوڵەتە ئیمپریالییەکان و پرۆژەکانیان لەوانە نیولیبرالیزم لەم ناوچانەدا ئاسانتر ڕۆشتنە پێشەوە، کە

مەبەستمان لەوەیە تەنیا لەم ناوچانەدا چونکە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی نوێ نییە. ئەمە سەرباری ئەوەی ئیمپریالیزم شکستی گەورەشی تۆمارکرد لە جەنگی دژە-تیرۆردا نەک لەبەرئەوەی تیرۆریستەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە سەرمایەدرای خۆی لە قەیرانی گەورەدایە و بەم شێوەیە قەیرانەکانی خۆی قوڵتر دەکاتەوە نەک چارەسەریان بکات. بە مانایەکیتر، تیرۆریزم لە ناوچەکەدا بەهانە و ڕێگاخۆشکەرێکی باشە بۆ تەداخولی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ناوچەکەدا. بەڵام جیهانی ئێستا جیهانی دوای 11ی سێپتەمبەر نییە و تیرۆر چیتر ئەو ڕۆڵ و ناوە گەورەی نەماوە. ئەوەی کە پێشتر وادادەنرا جیهان بەهۆی تیرۆریزمەوە بەرەو دابەشبوون دەچێت، تەنیا تێزێک بوو کە بۆ چەند ساڵێک کاری کرد و بۆ ئێستا هیچ کەڵکێکیان نییە لەبەرئەوەی پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی بۆرژوازی و قەیرانەکان و شکڵپێدانەکەی لە قەیرانی قوڵتردان و شکڵی نوێیان بە خۆیانەوە گرتووە. بۆ نموونە، ڕکابەرە گەورەکەی ئێستای ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و بگرە جۆرێک لە هەیمەنەی سیاسیشەوە وڵاتی سینە نەک تیرۆر، ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باکوردا بە پرسی ئەتۆمەوە تێوەگلاوە نەک تیرۆر، لەگەڵ وڵاتانی لاتینا لەوانە مەکسیک بە کۆچبەرییەوە، لەگەڵ ڕوسیادا بە هەیمەنەی سیاسییەوە لەم ناوچەیەدا بە تایبەت لە پەیوەند بە سوریا و ئێران و کۆمەڵێک وڵاتی تردا. بەریتانیاش بە پرسی بریکزتەوە گیری کردووە. فەرەنسا بزووتنەوەی هێلەک زەردەکانی تێدا دەردەکەوێت. ئەم گۆڕانانە نەک تەنیا پرسی تیرۆریزمیان لە ئێستادا بە تەواویی کاڵ کردووەتەوە، بەڵکو دەستکاری نەخشەی سیاسی و ئابوریی جیهانیش کردووە. بە مانایەکیتر، جیهانی ئێستا، جیهانێک نییە دابەشبوبێت بەسەر یەک قوتب یان دوو یان سێدا، بگرە هاوکێشەی قوتبەکان بە جۆرێک گۆرانی بەسەردا هاتووە کە پێدەچێت چیتر کاتی ئەوە نەمابێت باس لە دابەشبوونی جیهان بکەین بەسەر قوتبەکاندا. سەرمایەداری و قەیرانەکانی لەگەڵ بەجیهانیبوونی تەواویاندا، ئێستا هەموو کیشوەرەکان و قوتبەکانی نزیک کردووەتەوە و ڕۆژانە هەموویان لەسەر یەک مێز کۆدەکاتەوە تاکو لەبارەی سەرمایەدارییەوە بدوێن و بیر لە چارەسەری قەیرانەکان بکەنەوە. بە گوزارشتێکی دیکە، لەمڕۆدا سعودیە و

ئێران و عێراق و ئەفغانستان و ئەمریکا و هەموو وڵاتانی جیهان بەو هەموو تیرۆریزمەیانەوە دژایەتی تیرۆریزم دەکەن. لە عێراق و کوردستان و هەموو ئەو ولاتانەدا هێز و دەزگای دژە-تیرۆر دروستکراون. پێشتر و ئێستاش پرسی تیرۆر پێویستی بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم هەبووە و هەیە نەک بە ئەبوبەرکر

بە ئیسرائیلە و ئەمەش ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و ئێران و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتیشی زیاتر کردووە. کەواتە، مەرج نییە قەزیەی فەلەستین هەمان ئەو مانایەی هەیەتی بۆ حیزب الله و ئێران هەمان ماناشی هەبێت بۆ سعودیە و قەتەر و ئیسرائیلیش. بۆیە، پێموایە 11ی سێپتەمبەر کاریگەریی زۆری لەسەر پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و

دەردەکەوێت کە مێژووی تیرۆریزم زۆر لەوە کۆنتر و مەترسیدارترە لە ڕووداوێکی وەکو 11ی سێپتەمبەردا کورت بکرێتەوە. بۆرژوازیی زۆر سود لەوە دەبینێت کە تیرۆریزم لە 11ی سێپتەمبەردا کورت بکرێتەوە، چونکە تێیدا خۆی وەکو قوربانی پیشان دەدات و کێشمەکێش و قەیرانەکانی سەرمایەدارییش دێنێتە سەر ئەو ئاستەی کە

**ڕێچارێک بۆ ڕزگاری ئەوەیە کە چینی پرۆلیتاریا لەپێناو کۆمەڵگەی دادپەروەر و ناچینایەتیدا دەست بە خەباتی شۆرشگێرانەی خۆی بکاتەوە و لەوێشەوە خەت و پلاتفۆرمی سیاسییانەی خۆیان ببەنە نێو بزووتنەوە جەماوەرییەکانی وەک هێلەک زەردەکان و لە ڕێگەی خۆ ڕێکخراوکردنی خۆیانەوە جیهان ئامادەی شۆرشی پرۆلیتاری و گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن.**

بەغدادی و قاعیدە و هتد، چونکە ئەم پرسە پەیوەستە بە خودی سیستمی سەرمایەداریی و کێبڕکێ و بەرژەوەندییە دژبەیەکەکانی بۆرژوازییە جیاوازەکانەوە. بۆیەشە کە ناتوانین تیرۆریزم بۆ کەسایەتی و تەنانەت ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیش کورت بکەینەوە.

**بۆپێشەوە: ١١ سێبتەمبەر تا چەندە پەیوەندی بە کێشەی عەرەب/ئیسرائیلەوە هەبوو؟ وە چ کاریگەیەکی لەسەر کیشمەکێشی عەرەب/ئیسرائیل دانا؟**

**کارزان عەزیز:** گەر تەنیا شتێک لەمبارەوە بڵێین ئەوەیە کە پێموام نییە بە ئاسانی ئەوەی لە ئیسرائیل و فەلەستین و لوبناندا ڕوودەدات بڵێین پەیوەندیی بە کێشەی عەرەب-ئیسرائیلەوە هەیە. ئەمەش ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و لە ئێستاشدا بە ڕوونی دەیبینین کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی دووهەم و بگرە پێشتریش. وەک پێشتر وتم، سەرمایەداریی ئەمریکی خۆی و سی ئای ئەی لە پشتی پەرەدانەوە بوون بە فەندەمێنتاڵیزمی جیهادییەکانی ئەفغانستان بۆ دژایەتی سۆڤێت، بەڵام هێشتا ئەمە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لەبەرئەوەی ئەوەی گرنگی هەیە ئەوەیە کە سیستمی سەرمایەداری و ستراتیژی بۆرژوازی هەمیشە لە پشتی تیرۆریزمەوە بووە. کە ئەمە بە تەنیا لە خزمەتی ئەمریکادا نەبوو، بەڵکو لە خزمەتی کۆمەڵێک لە دۆست و دوژمنەکانیشیدا بوو لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکە لەوانە سعودیە و پاکستان و هەندێک وڵاتی دیکەش کە ئەو فەندەمێنتالیزمەیان لە خزمەتی خۆیاندا دەبینییەوە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا. لە ئێستاشدا، حیزب الله یەکێکە لەو حیزبانەی کە بە تەواوی لە پشتی قەزیەی فەلەستین و دژ

وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دانا، بەڵام نەیتوانی گۆڕانی گەورە لە ئاستی ستراتیژی وڵاتەکاندا دابنێت بە تایبەت لە قەزیەی عەرەب-ئیسرائیلدا.

جارێکیتر، نەخشەی ئێستا و ماوەی 11ی سێپتەمبەر و پێش سێپتەمبەر گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەوەی پێشتر و لە دوو دەیەی ڕابردوودا وەکو شەڕی عەرب-ئیسرائیل زۆر زەقببویەوە، لە ئێستادا ئەو گرنگییەی نەماوە. عەرەب بە یەک چاو تەماشای پرسی فەلەستین ناکات، چونکە بۆرژوازیی وڵاتانی عەرەبی توشی ناکۆکیی گەورەی کردوون. کێشەی ئیسرائیل لە ئێستادا کێشەی عەرەب نییە، بەڵکو ئێران و تورکیایە. کێشەی عەرەبیش کێشەی فەلەستین نییە چونکە سعودیە کێشەی ئێران و فەتەری هەیە و ئێرانیش کێشەی سعودیە و ئیسرائیل و تورکیا و ئەمریکای هەیە. هەمووشیان پێکەوە لەناو ململانێ و ملی یەکشکانێکی بەردەوامدان لەپێناو بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان و هەیمەنی سیاسیاندا. لێرەشەوەیە، پرسی عەرەب-ئیسرائیلیش وەکو پرسی تیرۆریزم زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش بەو هۆیەوەی کە جیهانی سەرمایەداری گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**بۆپێشەوە: ١١ سێبتەمبەر سەرەتایەکی تازەی دا بە بەرامبەرکێی نیوان تیرۆریزمی دەوڵەتی و "ئەمریکاو غەرب" غەیرە دەوڵەتی "ڕەوت و گروپە ئیسلامیەکان"، ئەم جەنگی تیرۆرسیتیە دنیا بەرەوکوێ دەبات؟ وە چۆن بەری پیدەگیرێت؟**

**کارزان عەزیز:** پێموایە کاتێک تەماشای تیرۆریزمی بۆرژوازی و ئیمپریالی و دەوڵەتی دەکەین و بە مێژووەکەیاندا دەچینەوە، بۆمان

ئەوەی ئێستا لە جیهاندا ڕوودەدات جەنگێکی تیرۆریستانەیە کە هۆکارەکەی فەندەمێنتالیزمی ئاینییە و بە تەنیا ئیسلام لێی بەرپرسە و هەروەها لەوێشەوە خەباتی بزووتنەوەی پرۆلیتاریی پێ سەرکوت دەکات و دەچەپێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی پەیوەندیی بە تیرۆریزمی ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە هەیە جارێکیتر مێژوویەکی دورودرێژی هەیە و سیستەمی سەرمایەداریی لە پشتییەوە بووە و ئیسلام نا، بەڵکو توندڕەویی ئیسلامی یاریکەرێکی باشی ئەم تیرۆریزمە نوێیەیە بووە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی خۆی خۆراکێکی زۆری بەم فەندەمێنتالیزمە ئیسلامییە داوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوەش نییە کە ئاینەکان بەرپرس نەبن لە تیرۆریزم و گەشەدان بە جیهانبینی دواکەوتووانە و خزمەتکردن بە کۆمەڵگەی چینایەتی. جیهان کە جیهانی سەرمایەدارییە بەهۆی تیرۆریزم نارۆخێت و مرۆڤیش ناگات بە هیچ ڕزگارییەک لەڕێگەی تیرۆریزمە، ئەوە نەبێت قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە و مێژووش تووشی هەڵدێری زیاتر. تیرۆر و کۆتایی تیرۆریش، کۆتایی بە چەوساندنەوە و کۆمەڵگای چینایەتی و قەیرانەکان ناهێنن. تەنیا ڕێچارێک بۆ ڕزگاری ئەوەیە کە چینی پرۆلیتاریا لەپێناو کۆمەڵگەی دادپەروەر و ناچینایەتیدا دەست بە خەباتی شۆرشگێرانەی خۆی بکاتەوە و لەوێشەوە خەت و پلاتفۆرمی سیاسییانەی خۆیان ببەنە نێو بزووتنەوە جەماوەرییەکانی وەک هێلەک زەردەکان و لە ڕێگەی خۆ ڕێکخراوکردنی خۆیانەوە جیهان ئامادەی شۆرشی پرۆلیتاری و گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕوبەروبونەوەی فکر و ڕاکەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندکۆی بانکەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بکەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بکەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

**بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆ لەبەرامبەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بێوینەو مەرگبارەی جەمسەرە عەسکەري و تیروریستییە نێونەتەوەییەکان، دەبێ ڕاستییەکانی ئەم گوڕانکارییانە لەپشتی ئیعلامی جەنگی و پاساوەکانی ئوردوگا دژەبەیەکەکان دەر بکێشرێنە دەرەوەو ببرێنە نێو خەڵک. ئەم ڕووداوەو سیاسەتێک کە ئەمریکا گرتوویەتییەبەر، کومەڵێک ئاکامی جیهانی و ناوچەیی گرنگی هەیە. ڕوخساری سیاسی و فیکری جیهان دەستخۆشی گوڕانکارییەکی قووڵ دەکات...مەنسور حیکمەت**

# ئەمریکا و بەریتانیا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێك کە دەتوانیین بە ئاسانی ناوێ لێبینێن سامپڵە یەکەمەکانی دەوڵەتداری بە تامی "داعش" و "قاعیدە"!؟

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نوسەرو ڕۆژنامەنووس ڕزگار عومەر سەبارەت بە هەژدەهەمین ساڵیادی ١١ی سێپتێمبەر



**بۆپێشەوە: ڕووداوە تیرۆریستیەکەی ١٨ ساڵ لەمەوبەری ١١ ی سێپتێمبەر، سیستەمی سیاسی و ئەمنی و ئازادی لە جیهاندا گۆڕی. ئەم گۆڕانە تەنیا یاسا توندوتۆڵەکانی دژ بە ئازادیەکانی تاکە کەسی نەگرتەوە لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا، بەڵکو بوو بە فاکت و بیانووی گەورەی جیهانی بۆ بەرپاکردنی چەند جەنگێکی یەک بە دوای یەک بە نێوی شەڕی دژە تیرۆر، بە ڕەچاوکرتنی ئاکامەکانی ئەم مێژووە ١٨ ساڵیە، لە ڕوانگەی ئێوەدا تیرۆر و تیرۆریزم چ وەکو دیاردە، چ وەکو شوناسێکی سیاسی چ جێگایەکیان لە ئاستی دنیای ئەمڕۆدا هەیە؟**

**ڕزگار عومەر:** بەر لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم پرسیارە، ئێمە پێویستە بچینە مێژووی بەر لە ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ ، بەبێ تێگەیشتن لە زەمینە و فاکتەکانی بەر لە ساڵی ٢٠٠١ مەحاڵە وێنەکە ڕوون بێت. کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مێژووە، ئامانجمان دەست نیشانکردنی کارەکتەری ئەو "سوودمەندانەیە" کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی " چالاکی" وا بکات کە بتوانێ نەک دەست بوەشێنێ لە ئامانجی سەربازی، مەدەنی، ئابووری بەڵکو بە شوێن تایپێک لە چالاکییە کە بە چاوپۆشین لە ژمارەی قوربانیان (کە لە ڕوانگەی تیرۆریستانەوە چەند زۆرتر بێ باشترە) بە چاوپۆشین لە زیانە ئابوریەکانی ئەو چالاکیە، زۆر پێویستیان بە چالاکیەک یان چەندین چالاکی هەبوو کە بتوانن دەسکەوتێکی مەعنەوی " ڕەمزی" تۆمار بکەن!

**١١ ی سێپتێمبەر کۆنسێپتی "جەنگی دژە تیرۆری" گەشاندەوە بە مانا ساختە و ڕووکەشەکەی، یاسا و مافە دەستووری و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی ئەمنی وسەربازی کردە عادەت و ڕۆتینی دەوڵەتداری. ئەلگۆی "جەنگی دژە تیرۆر" ی لەئاستی دەوڵەتی زلهێزو دەوڵەتە ئاساییەکان کردە ئاسانترین بیانووی بەرتەسککردنەوەی چەندین مافی بنەڕەتی...**

ڕووداوی ١١ ی سێپتێمبەر بوون. دوور لە تیئۆری پیلانگێڕی (Conspiracy Theory) دوو هێزی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، هەندێکیان لە ئاستی دەوڵەت، هەندێکیان لە ئاستی ڕێکخراوەی تیرۆریستی جیهانی پێویستیان بە ١١ ی سێپتێمبەر یان هەر ڕووداوێکی هاوشێوە هەبوو.

ئەو تەوژمە ڕاسترەوە نیولیبرالەی کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەسەر دەسەڵات بووە یان لە نێو کایەی ڕاستەوخۆی سیاسەت بووە یەکێکە لەو دوو هێزەی باسمان کرد، دووەم هێز بریتیە لە هێزی تیرۆریستی "قاعیدە" و هاوشێوەکانی. ئەم دووبەرەیە؛ بە ڕێکەوت چاوەڕوانی ڕووداوێکی وانەبوون، بەڵکو خوازیاری هەر ڕووداوێکی هاوشێوە بوون کە بتوانن، بوونی خۆیان و پلاتفۆرم و جیهانبینیان ببەنە ئاستێکیتر.

بەر لە ڕووداوی ١١ی سپتامبەر لە ساڵی ٢٠٠١ " تیرۆریزم" هەبوو، بە دەیان لێکدانەوەی موعتەبەری ئەکادیمی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی جیهانی لەبن دەستن هی ئەو سەردەمە، کە سەرجەمیان لە هێڵی قەلەقی لە تەشەنەی تیرۆریزم هاوبەشن و بەشی زۆریان تەئکید دەکەنەوە لەوەی کە ئاراستەی ڕەهەندی سەرەکی تیرۆریزم ڕووی لەوەیە کە تا بتوانن بەم دەسکەوتە ڕەمزیە مەکینەی ئیعلامی و موگناتیسی جیهانبینی ئاینی خۆیان پێ بەهێزتر بکەن. پێویستیان بەو ڕووداوە ڕەمزیە هەبوو تابتوانن لە هەر وڵاتێکی دونیا و ئیسلامی هەر تووڕەبوونێکی پەنگ خواردوو هەیە بەرامبەر ستەم و دەسەڵاتەکان لە ژێر ئەم دەست وەشاندنە ڕەمزیە گەورەدا ڕێڕەوی پێ بدەن و بیکەنە سەرمایەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان، بێ هۆ نەبوو لە ڕۆژی دووەمی دوای ١١ی سێپتێمبەر لە بەشێک لە ناوچەکانی فەلەستین و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئاسیایی لەبەرامبەر تەلەفزیۆنەکاندا شیرینی دابەش دەکرا.

لە بەرامبەر ئەودا، لایەنی دووەم نیولیبراڵەکانی ڕۆژئاوا کە بناغەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێگان و تاتشەر، تا دەگاتە جۆرج بۆشی باوک و کوڕو تا دەگاتە ترامپ، بەوە جیا دەکرێنەوە، کە هەمیشە بەشوێن توندکردنەوەی کەلەبچەکانی ئازادین، بە شوێن پەلوپۆ کردنی "دیموکراسین" بە مانا فراوانەکەی یاسا و دەستوورو مافەکانی مرۆڤ.

ئەم ڕەهەندە لە ڕۆژئاوا بەوە جیادەکرێتەوە کە بەدەر لە پلاتفۆرمە توندڕەوە ئابوریەکەی "جێگیرکردنی بازاڕی ئازاد بە ڕەهایی وخاڵیی کردنەوەی شانی دەزگای دەوڵەت لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵگە و بەرنامەکانی" هەمیشە بە شوێن ئەوە بووە کە بە سەربازکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی وڵات ببێتە تاقە چوارچێوەی سیستەمی بەڕیوەبردنی جیهان.

ئەم ڕەهەندە خۆی بەر لە ساڵی ٢٠٠١ چەندین ڕووداوی ڕاستەوخۆی دروستکردووە چەشنی: جەنگەکان، کۆدێتا سەربازیەکان، داگیرکردنی وڵاتەکان (بە تایبەتی لە ئەمریکای لاتین) لە بەشی زۆری ئەم ڕووداوانە هێڵی زاڵ تەنیا بەرژوەندی ستراتیژی سەربازی و ئابوری نەبووە، بەڵکو "ڕەمزیەتی" ئەو ڕووداونە بووە بەوەی چ دەرگایەکیتر لەبەردەم ئەو ڕەهەندە دەکاتەوە و سوودە ئایدیۆلۆژیەکانی چییە! هەموو ئەو جەنگانەی کە کاڵای ئایدیۆلۆژی "بە دیموکراسی" کردنی تیا دەفرۆشرێ، یان ئەو شەڕانەی بە ناوی "دژی تیرۆریزم" دەکرێ و کراوە یەک پاشخانی ئابوری چڕی چەک فرۆشتن و بزنسەکانی ئاوەدانکردنەوە و دەستتێوەردانی مرۆیی (تدخل انساني)- (Humanitarian Intervention)، ساغکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغی پێویستیەکانی ئەم سیستەمە سیاسی-ئابوریە بووە.

پاش ئەو دیدە؛ دێمەوە سەر وەڵامەکە، دەڵێم ڕووداوی تیرۆریستی ١١ی سێپتێمبەر لە دوای جەنگی کوێت، دووەم ڕووداوی گەورەی ئەو قۆناغە بوو کە پرۆسەی گۆڕینی جیهانی بەرەو خراپتر خێراتر کرد. ١١ ی سێپتێمبەر کۆنسێپتی "جەنگی دژە تیرۆری" گەشاندەوە بە مانا ساختە و ڕووکەشەکەی، یاسا و مافە دەستووری و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی ئەمنی وسەربازی کردە عادەت و ڕۆتینی دەوڵەتداری. ئەلگۆی "جەنگی دژە تیرۆر" ی لەئاستی دەوڵەتی زلهێزو دەوڵەتە ئاساییەکان کردە ئاسانترین بیانووی بەرتەسککردنەوەی چەندین مافی بنەڕەتی.

چالاکیە تیرۆریستیەکان زیاتر بوونە، هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوایی کە "تەساموح – لێبوردەیی" و پێکەوە ژیان و فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و کلتوریی بەهای سەرەکی کۆمەڵگەکانیان بوو نەیان توانی بەو بەهایە گرنگانە بەربەست لە دەست وەشاندنی تیرۆریزم دروست بکەن و ڕێگەی پێ بگرن، چونکە میکانیزمی جەنگی دژە تیرۆر بارگاوی کراوە بەدەیان تەماح و ئەجێندای ئابوری و مۆتیڤی ڕاسیستی و کۆنترۆلکردنی زیاتری کۆمەڵگە و تەریککردنی ئازادیە شەخسیەکان بە ڕادەیەک کە تایبەتمەندی هەر هاوڵاتیەک((Privacy وەکو مافی گەشتکردنی هەر هاوڵاتیەک لە فڕۆکەخانە، لە تەلەفۆن کردن و ئیمێڵەکانی خۆی لەو وێبسایتانەی سەیری دەکا بە کلیک و هەڵوێستی پۆلیسێک هەمووی هەڵدەوەشێتەوە و دەرگای والا دەبێت و شتێک نامێنێ بە ناوی خسوسیەت و ماف.

**بۆپێشەوە: لە ئەمڕۆ و لە ١٨ ساڵی ڕابردوو لە ئاستی کێبڕکێ جیهانیەکان و ئیقلیمیەکان کەم نین ئەو دەوڵەتانەی کە یەکتر تاوانبار دەکەن بە پاڵپشتیکردنی تیرۆر، بەرەی قەتەر و ئێران و تورکیا بەرەی سعودیە و ئیمارات و ئێران لە لایەک؛ یەکتر بە پاڵپشتیکردنی تیرۆر تاوانبار دەکەن. حزبە ڕاسترەوەکان و ڕاسیستەکانی ئەورووپا پەناهەندە تاوانبار دەکەن بە پاڵپشتی تیرۆر! هەر دەوڵەتە و تەنانەت هەندێ لە دەسەڵاتە خۆجێیەکانیش لیستی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ تیرۆر. لەم گێژاوەدا؛ ئەم تاوانبار کردنانە و ئاکامەکانی ئەمنیەتی هاوڵاتی لە ئاستێکی جیهانی بەرە و کوێ بردووە؟**

**ڕزگار عومەر:** تاوانبارکردن بە پشتگیریکردنی تیرۆر گەورەترین دوو ڕوویی و دەبڵ ستانداردی جیهانی لە پشتیەوە بەڕێوەدەچێت. نزیکەی سەدەیەک بەر لە... ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر ڕۆژئاوا بە

تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێک کە دەتوانیین بە ئاسانی ناوێ لێبنێین سامپڵە یەکەمەکانی دەوڵەتداری بە تامی "داعش" و "قاعیدە"!

کێ ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی سعودیە؟ کێ بەزۆر و بە پیلانگێڕی پاکستانی لەو هیندستانە گەورە جیاکردەوە کە لەسەردەمی گاندی بڕیاربوو لە پڕۆسەی سەربەخۆیی لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا دروست بێت؟ کێ خومەینی لە ئەوروپا دالْدەدا و وەکو پیاوە پیرۆزەکان بە فڕۆکە هێنایانەوە بۆ ئێران؟ کێ چاوپۆشی لەپارەی فرۆشتنی گازی سروشتی قەتەر دەکا کە زۆر بەئاسانی بڕوا بۆ گروپە هاوشیوەکانی قاعیدە لە سوریاو لیبیا؟ کێ گروپە تیرۆریستەکانی لیبیای لە شوێنی موعەمەر قەزافی دانا؟ کێ چاوپۆشی لە تورکیا کرد کە تیرۆریستانی هەموو دونیا بیکەن بە پردی سیاحەتی جەنگ و وێرانکاری لە سوریا؟

هەموو ئەو دەبڵ ستانداردی و دووڕوییە بەشێکە لە پێکهاتەی ئۆرگانێکی سیاسەت و سیاسەت داڕێژەرو سەرکردە و سەرۆکەکانی ئەمڕۆی دونیا. کاتێک بەرژوەندیان لەگەڵ یەکتر ناکۆک دەبێت دێن لاپەڕەی یەکتر هەڵدەدەنەوە، هەموو ئەو لاپەڕانەی لەسەر یەکتر دەیجولێنن پیت بەپیتی ڕاستە! چونکە هاوبەشی هەمان بزنس بوونە، بڕۆ سەیری شەڕی ئیعلامی تورکیا- سعودیە بکە، بڕۆ سەیری هەمان شەڕی قەتەر- سعودیە بکە، بڕۆ سەیری شەڕی ئێران- ولاتانی کەنداو بکە، مەلەفی تاوانکاری گەورە گەورە دەبینی کە لەسەر یەکتری کەشف دەکەن.

ژیان بە ڕێکردن لە دۆخیکی وادا، نەک تەنیا بۆ هاولاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپاش هەمان ئەمنیەتی جارانیان نەماوە. وەزارەتە بەرگریەکان لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانی، دەزگا ئەمنی و موخابەرەتیەکان زوو زوو کۆنفرانسی ناوخۆیی وجیهانی دەبەستن و بودجەی باش لە پارەی هاوڵاتیان سەرف دەکرێ بۆ ئەم کۆنگرانە و ئەنجامەکەی چییە؟ بەلای کەمی ئەو ئەنجامانەی کە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت چییە؟ بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی بریتیە لە:

توندکردنەوەی سنوورەکان، شەڕی دژە پەناهەندەیی، پێنەدانی مافی پەناهەندەیی و بەهێزکردنەوەی یاسا و پراکتیسی ڕاسیزمی دەزگای دەوڵەت دژ بە پەناهەندە و دژ بەو هاولاتیانەی کە ڕەگەزێکی ڕۆژهەڵاتی یان شوناسێکی ئاینی دیاریکراویان هەیە، بەکورتی تێکەڵکردنی سەر بەرەوخواری دووپرس "پەناهەندەیی" و "تیرۆریزم" و مشەخۆری یاسایی و ئایدیۆلۆژی لەسەر ئەم تێکەڵ کردنە ناڕەوایە.

تیرۆر یەک پاشخان و ڕەگی ئیسنیکی یان ئاینی نییە، هەموو پاشخان و ڕەگەکان و ئیسنیکەکان و شوناسە ئاینیەکان و نائینیەکان، ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان پشکی خۆیان هەیە لە دروستکردنی ئەو شێرپەنجەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە ناوی "تیرۆریزمە". دەوڵەتە ئاینی و نائاینیەکان بە تایبەتی لە ئەوروپا لە قۆناغێک لە قۆناغەکان سەپۆرتی فەرمی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانیان کردووە بۆ ئامانجێکی ئابوری یان سیاسی، شەڕی دەرکردنی سۆڤیەت لە ئەفغانستان یەک دەوڵەتی ئەوروپی نییە دەستێوەردانی نەکردبێ لە شێوەی سەپۆرتی مادی و لۆجیستی و میدیایی! یەک دەوڵەتی ڕۆژئاوایی نییە لە توانای دابێت پێچەوانەی ئەم ڕاستیە بسەلمێنێ.

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە پرسی تیرۆردا باوەڕیان بە بەخێوکردنی بێچووە دەعبا و ئەژدیها هەیە، چەشنی ئەوەی هیلاری کیلنتۆن وتی "ئێمە داعشمان دروست کرد" بەڵام ئەم بێچووە دەعبا و ئەژدیهایانە گەورە دەبن و لەو باخچەو سنوورەی بۆیان دانراوە لادەچن!

لە سەرەتای شەستەکان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە وڵاتێکی وەکو ئەندەنوسیا ئەوەندە بەهێزبوو کە ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی ئەندەنوسی خۆی دەدا لە سەرووی ملیۆنەوە، بە پاڵپشتی ئەمریکا و سوپای ئەندەنوسیا ڕێکخراوەی تیرۆریستی ئاینیان دروست کرد. بە هەزارەها چەک و قەمە و خەنجەریان بەسەریان دابەشکردن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نیو ملیۆن مرۆڤیان کوشت و سەربڕی بە تۆمەتی کۆمۆنیست بوون. زۆربەی سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی جینۆسایدی ئەم ڕووداوە بە جینۆسایدی کۆمۆنیستەکان وەسف دەکەن، دە هەر ئێستا نەوەکانی ئەم ڕێکخراوە بوونتە ماتریالی داعش لە ئەندەنوسیا و نەک ئەمنیەتی هاوڵاتیان، بەڵکو ئەمنیەتی ئەو سوپا "باوکە"ی دروستی کردوون خستۆتە مەترسیەوە!

وەکو چۆن ژینگەپارێزی پرسە سەرەکیەکەی بریتیە لە "مانەوە و ژیان بۆ مرۆڤایەتی" و لەسەر ئەم پرەنسیبەش بزووتنەوەی ژینگەپارێزی قەناعەتی بە ئیجرائاتی حکومەتەکان نییە و خۆیان لە مەیداندان، هەر بەم شێوەیەش دەبێ پرسی "تیرۆر" و ئاشتی و ئەمنیەت لە دوالیزمی تێکەڵ کردنەکان، لە خشتە بردن و لە بازرگانی پێکردن فلتەر بکرێت، دەبێ ببێتە ئامرازی بەیەک گرێدانەوەی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە، نەک دروستکردنی دیواری جیاکاری و دیواری سەپاندنی شوناسی ساختە.

دوا وتەم لەوبوارە ئەوەیە کە بە داخەوە بەشێکی بەرچاو لە چەپ هەروەکو چۆن بڕوای بە ئیشکردن نییە لەسەر پرسی ژینگە، ئاواش ڕازیە بەو ڤێرژنە لە جەنگی دژە تیرۆریزم کە بە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دەفرۆشرێتەوە، پێویستە چەپ ڕوئیا و ئاسۆیەکی وردی هەبێت لە تێگەیشتن لە تیرۆریزم و لە جەنگی دژە تیرۆریزم، هەر مەیدانێک پێشەنگی و رابەرایەتیەکەی ئەمانەتی سیستەم بکرێت، لە جیاتی بنەبڕی بکات، یاری پێدەکات، یاری دەعبا و ئەژدیها بەخێوکردن!

## درێژەی دوا وتە

خوێنی دەکەن. ئەوا لە وڵاتانی غەربی و نێونراو بە دیموکراسیدا، دیکتاتۆری بەشێوەی داپۆشراو و پەردەبەسەردا دراودا، درێژە... بەدەسەڵاتی خۆی دەدات. باسی دیموکراسی هەرگیز بەمانای ئازادی بۆ هەڵبژرادنی ئازادانەی کرێکاران لە کارگەکان، لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان، لە گەرەکەکان، لەناو دادوەران، نییەو کەس ناتوانێت بەدەنگدان بەرێوەبەری کارگەو کۆمپانیانیەک، دادوەرێک، بەشێوەی ئازادانە و لەهەڵبژاردنەوە لاببات یان دابمەزرێنێت. و لەهەر جێگایەک و لە هەر وڵاتێکی بەناو دیموکراسیدا، ئەوە ڕوودبدات کە کرێکاران نوێنەری خۆیان ڕاستەوخۆ و ئازادانە هەڵبژێرن، یان لەرێگای کۆبونەوەی گشتی و بەدەنگدانی ئازادانە کەسێک لاببەن...تاد ڕووبەڕووی سزای دیموکراسی!! و دەرکردن دەبنەوە. ئەو تاوان و خوێن ڕێژیانەی بە دیموکراسی پاساو دەدرێن و دەوڵەتانی دیموکراسی پێی هەڵدەستن، قوربانیانی لە قوربانیانی دەستی وڵاتە دیکتاتۆرییەکان کەمتر نییە... مەگەر دانانی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ئەو دەوڵەتانەی مل کەچی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان نابن، مل بە سیاسەتی زۆری ئەمریکا وغەرب نادەن... قوبانیانی بە سەدان و هەزاران خێزانی هەژار و کەم دەرامەت نییە، مەگەر دەستێوەردانی سەربازی لە وڵاتانی ئەزمەگرتوو ئاوسی سیاسیداو بۆمباباران و سوپا تیا بڵاوکردنەوە و وێرانکردنی بنەما شاری و مەدەنیەکانیان، و تاڵانی ئاشکرا قوربانیانی لە هی قوربانیانی رژێمە دیکتاتۆرەکان زیاتر نییە؟ دیارە ئەوە بەو مانایە نییە جێگاو رێگای دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان، لە پەیوەند بە دەوڵەتە دیموکراییەکان، لە پێشتر یان باشترە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە نیشانی بدەین بۆرژوازی قاڵبی ویسترایی خۆی بۆ دەسەڵاتدارێتی و دزینی دەسترەنجی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، لەلایەکەوە بە دیموکراسی" دیکتاتۆریەتی شاراوە و لەلایەکی تریشەوەبە "دیکتاتۆری بی پەردە" دەباتەڕێوەو لە نێوان هەردوو بەشی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆریانەشدا،" دیکاتۆریەتی داپۆشراو و دیکتاتۆری بێ پەردە" پەیوەندیەکی ئاسایی و هاوپەیمانیەتی هەیە. پەیوەندی ئەمریکاو میسر لەسەردەمی موبارەک، پەیوەندی سعودیەو ئەمریکا...، پەیوەندی ئەمریکاو دەسەڵاتی وڵاتانی ئەمریکای لاتین...تاد نموونەی بەرجەستەن. ئەو دیموکراسیەتە ڕووکەشەش کە لە بەشێک لەوڵاتانی دنیادا هەیە، بەرهەم و دەرهاویشتەی خەبات و تیکۆشانی چینی کرێکارو بزوتنەوەی چەپ و نارەزایەتی لەخوارەوەی جەماوەرییە، نەک بەرهەم و خێر و سەدەقە و سیغە تەبیعەتی بۆرژوازی.

دیموکراسی بۆرژوازی تەنها تەنها وەرێختنی کایەکی ڕووکەشی لە پێشدا بریار لێدراوی بۆرژوازییە بۆ ئاڵوگۆر لەناو باڵەکانی بۆرژوازیدا بەمەبەستی دەست نەدان لە پایەکانی نیزامی سیاسی و ئابوری و لەوەش زیاتر پاراستنی دەسەڵاتی چینی زاڵ لە کۆمەڵگەدا. لەو رێگایەدا ئەندامانی پەلەمان، دیموکراسیانە هەڵدەبژیردرێن، بەڵام خودی پەرلەمان تا ئەوکاتە دەتوانێت جێگا پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی بێت، کە ڕۆڵی خۆی بزانیت و سنورە سورەکانی دەسەڵات نەبەزێنێت.

پرسی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا "بریکزت" جارێکی تر بووە ئاوێنەی باڵانوێنی کایەی دیموکراسی. پرسی هێنانەگۆری داخستنی پەرلەمان، لەلایەن دەسەڵاتەوە لەدەرەوەی پەرلەمان، هەر نیشاندانی ناوەرۆکی پەرلەمان و لاوەکی بوونی لە بریاری سیاسی چارەنووسازدا نییە، بەڵکو هاوکات نیشانەی بی بەهابوونی خودی مافی دەنگدانی گشتی و لێسەندنەوەی رۆڵە و دەوری ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژێردراوە!!. هاوکات سوکایەتی کردنە بەو پیرۆزیانەی!! بۆرژوازی بۆ شێواندنی رای گشتی و درۆی بەشداری هاوڵاتیان لە گەمەی هەڵبژاردنەکاندا، دەیخاتە روو.

دەوڵەت و حکومەتی بەریتانیا، بەدوای دەریچەیەکدا دەگەڕێت بۆ دەرچوون لە ئەزمەی بریکزت، بۆ دۆزینەوەی ئەو دەریچەیەش ئامادەی قوربانیدانە، دەشی پەرلەمان یەکەمین قوربانی ناچیز بێت، لەدیدی دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندییە ئابوریەکانی بۆرژوازی ئەو وڵاتەوە. دیارە ئەگەر ڕیگەش بەوە نەدرێت پەرلەمان کەنار بخرێت لەو پرسەدا، هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە کە بۆرژوازی پەرلەمانی تەنها وەکو جێگایەک بۆ پەسەند و پیرۆزە کە بتوانێت ببێتە ویستگەیەک بۆ راوێژ لەسەر  پاراستنی دەسەڵات و قازانجی سەرمایەی زۆرتر.

ئەوەی کە لە کوردستانیش روویدا و پارتی دەرگای پەرلەمانی بۆ دووساڵ کڵۆم داو سەرۆکی پەرلەمانیش بەزاندنی سنوری زەردی لێ یاساغ کرا، سەرباری پوچی پەرلەمان وکارتۆنی بوونی، نیشانەی ئەوە بوو ئەگەر پەرلەمان بوکەڵەکەکیش بێت، بۆی نییە سنوری دەسەڵاتی خاوەن بڕیار رۆڵی یەکلایی کەرەوەی بەرژەوەندییەکەی ببەزێنیت.

سەرئەنجام ئەزمەی بریکزت، وانەیەکە بۆ ئەوانەی بیانەوێت لە دیموکراسی و دەنگدانی گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا تێبگەن، هاوکات ئەزمونێکیشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سیستەمی سیاسی و ئابوری لەریشەوە بگۆڕن، کەنابێ هیچ خۆشباوەریەکیان بە کایەی هەڵبژاردن و پەرلەمان بێت. ڕیگای ئاڵوگۆری ریشەیی و بنەرەتی لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، تەنها شۆڕشە. لەناو شۆڕشەکانیشدا تەنها شۆڕشی چینی کریکاری ریکخراو و خاوەن ئاسۆی سۆشیالیستییە، کە دەتوانێت هەم خۆی وەکو چینی بەرهەمهێن و چەوساوە رزگار بکات و لەگەڵ خۆشیدا، تەواوی کۆمەڵ و مەینەتیەکانی تر ڕزگار بکات.

بۆپێشەوە
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، کازیوە ساڵح
عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا
ساڵح، کاوان قادر،ئارام حەسەن،حەکیم میرزا،
عوسمان قادر، هەتاو عەبدوڵاهی
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"١١
سێپتەمبەر و کاریگەرییەکانی"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە
سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# مانگرتنی مامۆستایان لە ئەردەن



دوای شکستی گفتوگۆی نێوان حکومەتی ئەردەنی نەقابەی مامۆستایان، مانگرتن بۆ ڕۆژی سێیەم بەردەوام بوو، بەبێ گەیشتن بەئەنجام.

ڕۆژی دووشەممە گفتوگۆی نێوان جێگری نەقیبی مامۆستایان و وەزیری پەروەردە و فێرکردن بەبێ ئەنجام کۆتایی هات.

ئەمەش دوای ئەوەی حکومەت پلەبەندی کردوە بۆ زیادکردنی مووچەی مامۆستایان کە بەم جۆرەیە: ٦٪ بۆ مامۆستا، ١٦٪ بۆ پلەی مامۆستای پلە یەک، ١٨٪ بۆ مامۆستای شارەزا، بەم شێوەیە بێت وەک نەقابەی مامۆستایان ئاماژەی پێدەکات، ٤٠٪ مامۆستایان بێبەش دەبن. بۆیە ئەو ژمارانە زۆر دوورن لە داواکاری نەقابەی مامۆستایان.

نەقابە جەختی لەوەکردۆتەوە کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بەردەوام دەبێت تا گەیشتن بە چارەسەرێکی دڵخواز، ئاماژەی بەوەدا کە مانگرتن بەردەوام دەبێت تا گەیشتن بە چارەسەر.

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنیش لەلایەن خۆیەوە گووتی؛ دووبەرامبەر پێشنیاری نەقابەمان خستۆتە بەردەم لەبەرامبەر ڕێژەی پارە زیادەکە لەگەڵ پلەبەندی مامۆستا و ئەدایان. هەروەها ئاسانکاریمان کردووە بۆ گواستنەوەی پلەبەندی لەنێوان پلەکاندا، هەروەها دەرماڵەی هونەریمان نەبڕیوە کاتێک پەیوەست دەبێت بە ڕێرەوی پیشەیی و دابەشمان نەکردوە بۆ دوو جار.بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە.

لە یەک شەممەی ڕابردووەوە مانگرتن دەستپێکردووە و مامۆستاکان دەرس ناڵێنەوە و ناچنە ناو خوێندنگاکان، ئەوەش هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گرتۆتەوە لە بنەڕەتیەوە تاوەکو ئامادەیی.

بەهۆی نەچوونی مامۆستایان بۆ پۆلەکانیان، خوێندکارێکی زۆر نەچوونەتەوە خوێندنگا.

.

## دوا وتە

# بریکزت و دیموکراسی!

**عەبدوڵا مەحمود**



گومان هەڵنەگرە کە پرسی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا" بریکزت"، بۆتە گرفت و ئەزمەیەکی قوڵ بۆ بۆرژوازی بەریتانیا. لە چوارچێوەی ئەم ئەزمەیەشدا، پرسی دیموکراسی بۆرژواییش جارێکی تر لەپاڵ بریکزتدا، دەرگیری ئەزمەیە. خۆهەڵکێشان و شانازیکردنی بۆرژوازی لەسەراسەری دنیادا، بە دیموکراسی و هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانی، لەگەڵ ئەوەدا مێژوویەکی درێژی هەیە، کەچی بە ئەندازەی ئەم مێژووە، دیموکراسی بۆرژوایی تەنها دیوی دووەمی دیکتاتوری دەسەڵاتی بۆرژوایی بووە، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی چینی باڵادەست. ئەگەر دیکتاتوری و سەرکوتی بێ پەردە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی شەرق زەدە و ئەمریکای لاتیندا، بێداد دەکات و هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانەو گشت ویستێکی ڕەوای سیاسی جەماوەری لە خوارەوە، بە ئاشکرا سەرکوت و بەزەبری هێز خامۆش دەکەنەوە و زۆر جاریش خەڵتانی...

بۆ لاپەڕە 17







**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو**
**28/9/2019**